دیمۆکراسی بۆ ئێران

خودموختاری بۆ کوردستان

# کوردستان

ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران

٢٠ی خەزەڵوەری ١٣٨٠
١١ی نوامبری ٢٠٠١

ژمارە: ٣٢٨
١٠٠ تمەن


## قسەکانی سکرتیری گشتیی حیزب لە سیهەمین کۆنفرانسی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئیران دا



**میوانە بەڕێزەکان!**
**خوشك و برایانی بەڕێز!**
**ئەندامانی سێهەمین کۆنفرانسی گشتیی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران!**

بۆ خۆم بە مایەی بەختیاریو خۆشحاڵیی دەزانم کە لەلایەن دەفتەری سیاسییەوە پیرۆزبایی بەسترانی سێهەمین کۆنفرانسی گشتیی یەکیەتیی ژنان بە تەك تەکی ئێوە بڵێم. هەر چەند ئەمنیش هەر وەکوو میوانە بەڕێزەکان دەعوەتم، بەڵام ئیجازەم بدەن ئەمنیش لەلایەن دەفتەری سیاسییەوە بەخێرهاتنێکی گەرمی ئەو خوشكو دایکانە بکەم کە لە یەکیەتییەکانی ژنانەوە، بۆ پشتیوانی لە خەباتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕێگای دوورو نزیکەوە هاتوونو لێرە لەم کونفرانسەدا بەشدارن. لەگەڵ داوای سەرکەوتن بۆ کاروباری ئەو کونفرانسە، پێم خۆشە زۆر بە کورتی ئیشارەیەك بەوە بکەم کە خەباتی ژنان لە هەموو

کۆمەڵێکی ئینسانیدا بەشێکی تەواوکەری خەباتی پیاوان لە ڕێگای بەختیاریی ئینسانەکان دایە. بەهەق یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران شوعاری خۆی باش هەڵبژاردوە: "ئازادی بۆ ژن، بەختیاری بۆ کۆمەڵ"، هەر وەك دەزانین بەرنامەیەکی رادیۆییش کە ئیدارەی دەکا، هەر ناوی "بۆ بەختیاریی کۆمەڵ"ە. بەڵێ ڕادەی پێشکەوتنو سەرکەوتنی هەر کۆمەڵێکی ئینسانی لە بوارەکانی سیاسی، ئابووریو ئیجتیماعیدا بە ڕادەی بەشداریی ژنان لەو خەباتەدا بەستراوەتەوە. ئەوەی کە دەڵێن " مەل بە باڵێك نافڕێ" شتێکی جوانە. ئەگەر نیوەی ئینسانەکان لە کونجی ماڵەوە دابنرێن، کۆمەڵێك قەت ناتوانێ خێرو خۆشیو بەختیاری بەخۆیەوە ببینێ. بۆیە دەبینین کە هەم لە جامیعەی ئێمەداو هەم پێش ئێمە لە کۆمەڵەکانی پێشکەوتووتر لە ئێمەدا، نەك تەنیا ژنان بە پێویستیان زانیوە، بۆ دیفاع لە مافەکانی خۆیانو وەدەست هێنانی بەرابەری لە گەڵ پیاوان دا، بێنە مەیدان، بەڵکوو پیاوانی ئاگاو تێگەیشتووو دڵسۆزیش لە هەموو جێیەکان بوونە پاڵپشتی گەورەی خەباتی ژنان بۆ ئازادیو یەکسانیو لەو پێناوەدا تا ئێستا هەنگاوی گەورە بەرەوپێش نراون.

٢

ڕێپۆرتاژێك لەسەر

## سێهەمین کونفرانسی یەکیەتیی ژنانی دێمۆکرات



پێش نیوەڕۆی ڕۆژی پێنج شەممە ١٣٨٠/٨/١٠، کۆنفرانسی سێهەمی یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران دەستی پێکرد. لە ڕێورەسمی دەست پێکردنی کۆنفرانسەکەدا، بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانو ژمارەیەك لە ئەندامانی دەفتەری سیاسیو کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتو چەندین هەیئەتی نوێنەرایەتیی کۆمەڵەو ڕێکخراوەکانی ژنان لە شارەکانی کۆیەو هەولێرو سلێمانیو ژمارەیەك میوانی دیکە بەشدار بوون. لەو ڕێورەسمەدا بە دوای سروودی نەتەوایەتیی "ئەی رەقیب"و دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ئازادی بە گشتیو بە تایبەت ژنانی خەباتکاری کوردستانو ئێران، هەروەها بەخێرهێنانی گەرمی بەشدارانو میوانە بەڕێزەکان، هاوڕێ خەدیجەی مەعزوور وەك ئەندامێکی لەمێژینەی یەکیەتیی ژنان، کۆنفرانسەکەی کردەوە.

٤

## ئاوەدانکردنەوە یان تراویلکەیەکی دیکە؟!

**هیمن ـ س**

سەید محەممەد خاتەمی دوایین ڕۆژی مانگی ڕەزبەری رابردوو، لە مەجلیسی شووڕای ئیسلامیدا ئامادە بووو راپۆرتی کارو چالاکیی ساڵی یەکەمی بەرنامەی سێهەمی پەرەپێدان (ساڵی ٧٩)ی بۆ نوێنەرانی مەجلیس خوێندەوە. راپۆرتێك کە بە رواڵەت باسی لە سەرکەوتنی دەوڵەت لە بوارەکانی کەمکردنەوەی رێژەی بێکاری، چوونەسەری بەرهەمی پوخت نەکراوی میللی (تولید ناخالص ملی) هەڵکشانی هەناردەکانو هەڵدانی نرخەکان کەمتر لەو رێژەیەی پێش بینی کرابوو . . . دەکرد.

لەم وتارەدا هەوڵ دراوە کە وێڕای هەڵسەنگاندنی ئەم راپۆرتەو هێنانەدی بۆچوونی شارەزایانی نێوخۆ لەم پێوەندییەداو بەتایبەت لە

٧


| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| چەند بەشێک لە راپۆرتی سیاسیی کومیتەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنان ٥ | هەواڵەکانی کوردستان مەهاباد، شنۆ، کرماشان، سنە ٨ | تێکۆشان لە دەرەوەی وڵات سوئێد، کانادا ٩ | کۆتاییهاتنی دەورەی ١٣٥ی سەرەتایی پێشمەرگە ١١ | ئاگادارییەك لە کومیتەی حیزب لە سوئیدەوە ١١ |


**بڕووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران**

# قسەکانی هاوڕێی تێکۆشەر عبداللە حسن زادە سکرتێری گشتیی حیزب لە سێهەمین کۆنفرانسی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا

درێژەی لاپەڕەی ١

دەگەڵ ئەوەی نابێ بیشارینەوە لە پێشکەوتووترین کۆمەڵەکانیش دا تا ئێستا بەداخەوە زۆرمان ماوە بۆ ئەوەی بگەینە ئەو جێگایە کە دەبێ پێی بگەین.

لە ئێرانی ئێمەدا وەزعی ژنان لە کۆنەوە تا ئێستا لەگەڵ نابەرابەرییەکی ڕەسمی بەرەوروو بووە. نەك هەر ئەو نابەرابەرییە کە لە کۆمەڵی ئەوەی لە فارسیدا پێی دەڵێن "مرد سالار" یا ئەگەر وەکو کورد دەڵێ "پیاو سەردار"دا هەیە، (چونکە مەعموولەن لە کوردەواریدا ناڵێن سالار، دەڵێن سەردار. پیاو کە نەخۆشە، ژنان دەچنە ئەحواڵپرسی، بە ژنەکەی دەڵێن سەردارت نەمرێ یان ژن دەڵێ: سەرداری ماڵێم لە ماڵ نیە، سەرداری ماڵێم نەخۆشە)

بێجگە لەوە ئەسڵەن قانوونی دەوڵەتەکانو بەتایبەتی قانوونەکانی "جمهوری اسلامی" ژنیان وەك ئینسانی دەرەجە دوو تەماشا کردوە، بەڵام نە لە دەورانەکانی پێشوودا نە بەتایبەتی لە دەورانی ئێستامان دا، ژنان تەسلیمی ئەو واقیعییەتە تاڵە نەبوون. هەر ئێستا ئەگەر موقایەسەیەك بکەین لە بەینی خەباتی ژنانو پیاوان دا، لە سەحنەی سەرتاسەریی ئێرانیدا، بە ئینسافەوە دەبێ بڵێین کە نەقشی ژنان لە نەقشی پیاوان زیاترە. ئەو خەباتە بە هەموو جۆرەکانییەوە دەڵێم لە سیاسیو فەرهەنگیو ئیجتیماعییەوە بگرە تا تەنانەت خەباتی سەختو روو بە روو لەگەڵ حاکمانیش دا. قەدیم دەیان گوت " شێر لە بێشەی هاتەدەر، چ نێر، چ مێ"، ئەمن ئێستا دەڵێم قوتابی کە لە دانشگاو لە مەدرەسەو لە مەدرەسەی کۆمەڵ هاتنە دەرێ، چ کوڕ، چ کچ. هەر دووکیان "مکمل"ی یەکترن. هەر ئێستا دەبینین کە "جمهوری اسلامی" چۆن بەدەستی خەباتی ژنانەوە لە نێوخۆو دەرەوەی ئێرانو بەدەستی بەربەرەکانیی روونو ئاشکرای ئەوانەوە وەزاڵە هاتوە. تەنانەت زۆر جار مەجبوور بووە سەری تەسلیمیشیان بۆ دانەوێنێ.

زۆر کەس لەوانەی ئێستا دەچن ئێرانێ دەبینن، تارانێ دەبینن، خەبەرنیگارە خاریجییەکان وایان دێتە بەرچاو کە "جمهوری اسلامی" گۆڕانی بەسەردا هاتوە. چونکی ژنان دەبینن کە لە خیابانەکانی تاران دەگەڕێن، حیجابیان بە سەرەوە نیە، میکیاژیان کردوەو وەکوو ژنانی ئازادی ئوورووپایە دەگەرێن. ئەمن لەگەڵ زۆر لەو خەبەرنیگارانە قسەم کردوە، دەڵێم ئەوە ئازادی نیە، ئازاییە. دەوڵەت ئازادیی نەداوە، بەڵام ژنان ئازان، بەربەرەکانی دەکەنو دەوڵەتیان مەجبوور کردوە بە تەسلیم.

ئەگەر بێینە کوردستان بە خۆشییەوە چ لە کوردستانی ئێرانو چ لە سەرتاسەری بەشەکانی کوردستان دا ژنان لە ریزی پێشەوەی ئەو خەباتەدان. ژنانی کورد نیشانیان داوە (لە کۆنەوە تا ئێستا) کە بە هەق شایانی ئەوەن مافی بەرابەر دەگەڵ پیاوانیان هەبێ. لە کۆمەڵەکانی پێش ئێستادا ژن هەمیشە یارو یاوەرو پشتو پشتیوانی پیاو بووە لە ئیدارەی هەموو کاروباری ژیان دا. ژن وەك مەوجوودێکی بێدەسەڵات لە ماڵێ دانەنیشتوە، تەنیا چێشتێ لێ نێو مندالّ بەخێو بکا. ئەو ئەرکانەی زۆر بە شەرافەتەوە وەئەستۆ گرتوون، بەڵام شان بە شانی پیاوانیش لە کۆچو کۆچباردا لە مازووو کەتیرەکردن دا، لە دروێنەو خەلەو خەرمان دا، لە هەموو شتەکان دا بەشدار بووە. یانی دەتوانین بڵێین کە ژنان سەهمیان پتر بووە لە ئیدارەی کۆمەڵی کوردەواریدا تا پیاوان. ئەگەر بێینە مەیدانی خەبات، لە مەیدانی خەبات دا ئەو نەقشو نیگارە زۆر ئاشکراتر دەبینین. نایشارینەوە کە ئەوانەی پتر لە مەیدانی خەباتی چەکدارانەو توندو تیژدان، پیاوانن، بەڵام ئەوە هیممەتی ژنانە کە ئیجازەی داوە پیاوەکان ئەوەی بکەن. رەنگە هەر لەم کۆنفرانسەیدا بە دەیان خوشك دانیشتبن کە پیاوەکانیان شەهید بوون، پیاوەکانیان ئەسیر بوون، بەڵام بە رووسووریو سەربەرزییەوە هەم مندالەکانیان پێگەیاندوون، هەم وەزیفەکەیان، وەزیفەی پیاوەکانیان بەرِیوە بردوە. ئەوە هونەری ئەوانە کە پیاوەکان دەتوانن لە مەیدانی خەبات دا موقاوەمەت بکەن. لەوانەش زیاتر ژنان بۆ خۆشیان لە مەیدانی توندوتیژدا حوزووری بەرچاویان لە خۆیان نیشان داوە. لەو بارەیەوە ژنانی کورد لە ژنانی هیچ میللەتێك نامێننەوە. ئەگەر دەتوانین لە نێو هەموو کۆمەڵگای بەشەریدا چەند ناوێك لە ژنانی هەڵکەوتوو وەبینین، لە نێو خۆمان دا لە نێو جامیعەی کوردیدا بە دەیان ناوی وەك قەدەم خێر، حەفسەخانی نەقیب و لەیلا قاسمو لەیلا زانا دەبینین.

هەروەکوو هەموومان دەزانین بەتایبەتی ئەندامانی یەکیەتیی ژنان زۆریان ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانن. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەرەتای دامەزرانییەوە تا ئێستا، دیفاع لە ژنان، دیفاع لە بەرامبەریی مافەکانی ژنو پیاوی بە یەکێك لە پیرۆزترین وەزیفەکانی و لە ئەساسیترین بەندەکانی بەرنامەی سیاسیی خۆی داناوە. لە راستیدا بۆ ئێمە کە خۆمان بە قوتابیو میراتگری قازی محەممەد دادەنێین، یەکیەتیی ژنان، مافەکانی ژنان، دیفاع لە حقووقی ژنان یەکێك لە میراتە بە نرخەکانی قازی محەممەدە. بێجگە لەوە کە ئێمە لە بەرنامەی حیزبیدا دیفاع لە ئازادیو بەرابەریی ژنو پیاو بە وەزیفەی خۆمان دەزانین، ئوسوولەن پێوانەمان، مێعیارمان بۆ دێموکرات بوونی ئەندامەکانیشمان پێش هەموو شتێكو بگرە زیاتر لە هەموو شتێك ئەوەیە کە پیاوێکی دێموکرات بۆچوونی بەرابەر بە مافو ئازادییەکانی ژنان چیە؟ مێعیارمان بۆ ئەوەش کە بزانین پیاوێك باوەڕی بە ئازادیی ژنان هەیە، باوەڕی بە مافی ژنان هەیە یان نا، پێش هەموو شتێك ئەوەیە کە لە نێو بنەماڵەکەی خۆیدا ـ هەر وەکوو پێشەوای نەمر ـ چۆن تەماشای مەسەلەی ژنان دەکا. هەموو کەس دەزانێ کە قازی محەممەد پێش هەموان ژنەکانی ←

**بێجگە لەوە کە ئێمە لە بەرنامەی حیزبیدا دیفاع لە ئازادیو بەرابەریی ژنو پیاو بە وەزیفەی خۆمان دەزانین، ئوسوولەن پێوانەمان، مێعیارمان بۆ دێموکرات بوونی ئەندامەکانیشمان پێش هەموو شتێکو بگرە زیاتر لە هەموو شتێك ئەوەیە کە پیاوێکی دێموکرات بۆچوونی بەرابەر بە مافو ئازادییەکانی ژنان چیە؟ مێعیارمان بۆ ئەوەش کە بزانین پیاوێك باوەڕی بە ئازادیی ژنان هەیە، باوەڕی بە مافی ژنان هەیە یان نا، پێش هەموو شتێك ئەوەیە کە لە نێو بنەماڵەکەی خۆیدا ـ هەر وەکوو پێشەوای نەمر ـ چۆن تەماشای مەسەلەی ژنان دەکا.**

خانەوادەی خۆی ناردە مەیدانی خەبات بۆ "فعالیت" لە پێناوی وەدەست هێنانی ئازادیی ژنانو بەرابەریی ژنو پیاودا. ئێستاش بۆ ئێمە ئەو کەسانەمان دێموکرات ترن کە نەك هەر ئیجازە دەدەن ژنەکانیان، کچەکانیان، خوشکیان، دایکیان لەو فەعالییەتانەدابەشدار بنو بەڵکوو کۆمەگیان دەکەن، تەشویقیان دەکەن، ئەگەر وا نەبوو، دەبێ قبووڵیان بێو ئێمەش قبووڵمانە وەکوو حیزب کە دێموکراتێکی باش نین.

هەرچەندە دەرکی من ئەوەیە کە ژنانی کورد زۆر باش لە مافو ئازادییەکانی خۆیان حاڵین (راستە پێیان نەگەیشتوون، بەڵام لێیان حاڵین) بەڵام پێم خۆشە ئەوەی دووپات بکەمەوە کە ئەگەر بەشێوەی قەدیم دەگوترا، یان بڵێین بە شێوەی عیلمی جامیعەیان بەش دەکرد بە تەبەقاتی چەوسێنەرو چەوساوەو نەزەرییەکە ئەوە بوو کە دوو چینی چەوسێنەرو چەوساوە وەختێکی دوژمنایەتییەکەیان، بەرەنگارییەکەیان تەواو دەبێ کە یەکێکیان لە بەین چوو بێ. لە خەبات بۆ ئازادیی ژنان دا ئێمە دوو چینی ئاوامان نیە، دوو چینی ئاوا شك نابەین کە بە لەبەین چوونی یەکێکیان با ئەو لەبەین چوونە فیزیکییش نەبێ، تەزادەکە، ناتەباییەکە حەل ببێ. بەڵێ هەتا سەرمایەدار وەك سەرمایەدار هەبێ، کرێکار دەچەوسێتەوە، هەتا دەرەبەگ وەکوو دەرەبەگ بە سیفەتی دەرەبەگ بمێنێ، جووتیار دەچەوسێتەوە، بەڵام پیاو کە بمانەوێو نەمانەوێ لە تاریخ داو لە ئێستاش دا بە جۆرێك لە جۆران، زۆر یان کەم چەوسێنەری ژنانە، وەك پیاویش دەبێ بمێنێتەوەو ئەو ناتەباییەش حەل ببێ. چونکوو جامیعەیەکی بێ پیاو جامیعەیەکی بێ ژن لە تەسەوری هیچ ئینسانێك دا نیە. ئەم دووانە، "مکمل"ی یەکترن. ناتەباییەك، دوژمنایەتییەك لە بەینی ژنو پیاودا نیە،لە بەینی مافەکانی ژنو پیاوانیش دا نیە. ئەو ناتەبایییەی کە ئێمە دەیبینین لە بەینی ژنانو پیاوان لەلایەكو هێندێك دابو نەریتی کۆنو زۆرجار واریداتی بۆ جامیعەی کوردەواری لەلایەکی دیکە دایە. بەو پێیە تەئمینی حوقووقی ژنان، تەئمینی ئازادیو بەرابەری بۆ ژنانو پیاوان وەك یەك کۆمەك دەکا بە پێشکەوتنی هەردووك لا، بە دابین کردنی ژیانێکی باشتر بۆ هەر دووك لا. کەوابێ ئەو دووانە بە هیچ جۆر نابێ لە موقابیل یەك دا دابنێین، بەڵکوو دەبێ پێکەوە هاوکاری بکەن، بە هاوکاریی یەکتر هەم خەبات بۆ ئازادیی میللی کە لەواقیع دا، گرێی ئەسڵیی موبارزاتو تێکۆشانەکەی ئێمەیەو هەتا ئەو حەل نەبووە، ئەوانی دیکە حەل نابن، هەم ئەوە بەرەوپێش بەرن،

**جارێکی دیکە لەسەر پشتیوانیی حیزبی دێموکراتی کوردستانو رێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات لە خەباتەکەتان، لە داخوازییەکانتان، لە مافو ئازادییە رەواکانتان تەئکید دەکەمەوە. بەڵام جارێکی دیکە لەسەر ئەو راستییەش تەئکید دەکەمەوە کە ئەوەی لەو مەیدانەدا دەبێ بۆخۆی هەوڵ بداو لە پێش هەمووان دا تەئسیر دادەنێ، خەباتی خۆتانە.**

هەم خەبات بۆ بەرەوپێش بردنی کۆمەڵەکەمان لە هەموو بوارەکانی سیاسی، فەرهەنگی، ئابووری، ئیجتیماعیدا بەرەوپێش بەرن.

ئەمن زۆر وەخت بە "تجلیل"ەوەو بە رێزو حورمەتەوە تەماشای ئەوەشم کردوەو لێرەش دا پێم خۆشە تیکراری بکەمەوە کە ژنانی کورد، جامیعەی کوردەوارییش دەناسن. تەنانەت "مفهوم" یان لە ئازادییش، بۆچوونو تێگەیشتنیان لە ئازادییش فەرقی هەیە لەگەڵ هێندێك کۆڕو کۆمەڵی دیکەی ژنان لە دنیادا. ژنی کورد هەمیشە پێی خۆشە شئوونی جامیعەی کوردەواری بەوجۆرەی کە جامیعەی کوردەوارییە، بەڵام مەشرووعە، بپارێزێ. جامیعەی کوردەواری قەت نەیویستوە ژن نەخوێنێ. قەت نەیویستوە ژن لە کاروباردا بەشدار نەبێ، قەت نەیویستوە لە کۆمەڵدا نەبێ. هێندێ مەسایلی بۆ "مهم" بوون کە تا ئێستاش ئەو مەسائیلە بە جۆرێك قودسییەتیان پاراستوە. ژن ئەوەی دەرك دەکات، ژنی ئاقڵو تێگەیشتووی کورد هەمیشە پێی خۆشە پیاوەکەی لە نێو پیاوان دا سەربەرز بێ. ئەوە مەزییەتێکە، ئیفتخارێکە کە رەنگە ژنان لە نێو کەم میللەتان دا تێیان دا هەبێ. لەو بارەیەوە ئێمە وەك پیاو شانازی بە ژنانەوە دەکەین.

لە رۆژی بەسترانی کۆنفرانسەکەتان دا خوشکانی ئەندامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان! پێم خۆشە ئەوە بڵێم کە هەم بەسترانی سێهەمین کۆنفرانس پاش لە واقیع دا ٥٦ساڵ لە دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، نیشانەی سەختیو دژوارییی ئەو رێگایەیە کە میللەتی ئێمە لە خەبات دا بڕیویەتی، هەم بەسترانی کونفرانسی یەکیەتیی ژنان بە بەشداریی سەد، سەدو پەنجا ژن نیشانەیەکە دیسان لەو واقیعییەتە تاڵە. ئێمە بەرەو ئەو رۆژە دەڕوانین کە کونفرانسەکانی ژنان هەموو ساڵێ جارێك بگیرێن، لە نێو جەرگەی کۆمەڵی کوردەواریدا بگیرێنو بەبەشدرایی سەدانو هەزاران نوێنەری یەکیەتیی ژنان بگیرێن.

جارێکی دیکە لەسەر پشتیوانیی حیزبی دێموکراتی کوردستانو رێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات لە خەباتەکەتان، لە داخوازییەکانتان، لە مافو ئازادییە رەواکانتان تەئکید دەکەمەوە. بەڵام جارێکی دیکە لەسەر ئەو راستییەش تەئکید دەکەمەوە کە ئەوەی لەو مەیدانەدا دەبێ بۆخۆی هەوڵ بداو لە پێش هەمووان دا تەئسیر دادەنێ، خەباتی خۆتانە. پیاوێکی زۆر باشی سەرمایەداریش دەردی کرێکارێکی وەکوو کرێکارێك نازانێ، ئاغایەکیش دەردی جووتیارێکی وەکوو خۆی نازانێ، تەنیا ئەو کەسانەی کە چەوسانەوەو نابەرابەرییان چەشتوە ئەوانن کە دەبێ دەردی خۆیان دەرك بکەنو بۆ چاری دەردەکەیان تێ بکۆشن. ئێوە دەبێ پشت بە خۆتان ببەستنو خەباتی خۆتان بەرەوپێش بەرن. لە سەر پشتیوانیی پیاوانی دێموکرات، لەسەر پشتیوانیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەکوو عامیلێکی "مساعد" (یارمەتیدەر) حیساب بکەن کە دەتوانن بە دڵنیاییەوە هەمیشە ئەو حیسابە بکەن.

بەبێ شك ئەو کونفرانسەتان وەزیفەو ئەرکی زۆری لە پێش دانو لەوەش زیاتر یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان ئەرکی زیاتری بۆ ئایندە لە پێش دان. رەنگە شاراوە نەبێ کە لە نێو کۆمەڵی کوردستانی ئێرانیدا بەدەیانو سەدان هەزار ژن هەن کە لە زۆر بارەوە رەنگە لەو خوشکانەی کە لێرە هەن خوێندەوارییان پتر بێ. ئیمکاناتی فێربوونیان پتر بێ، بەڵام هەموویان بەچاوی ئومێدەوە دەڕواننە خەباتی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران. چونکە دەزانن لە فەزایەکی دیکەدا تێدەکۆشنو دەزانن حیزبێکی سیاسی بە "علنی" لە پشتیانە. کەوابێ دەبێ وابکەن لەم کونفرانسەداو لەدوای ئەم کونفرانسە هەڵگری ئەو ریسالەتە بن کە ئەوان ئینتیزاریان لێتان هەیە. وەختی ئەو کونفرانسە دەبێ وەختێکی زۆر عەزیزو بەنرخ بێ، بە شتی لاوەکییەوە نابێ خەرج بکرێ. دەبێ وەختەکەتان سەرفی ئەوە بکەن، چ بکەن کە باشتر پێکەوە کار بکەن، رێبەرایەتییەکی باشتر هەڵبژێرنو باشتر بەرنامە بۆ کاروتێکۆشانی خۆتان دابنێنو، پێوەندی لەگەڵ ژنانی کورد لە کوردستانی ئێرانو لەگەڵ رێکخراوەکانی دیکەی ژنان لە کوردستانو ئێرانو وڵاتانی دیکەی جیهان دا پتەوترو بەهێزتر بکەن. جارێکی دیکە پیرۆزباییتان لێ دەکەمو سەرکەوتنتان بۆبە ئاوات دەخوازمو هەر بژین. ※

# ڕێپۆرتاژێك لەسەر

# سێهەمین کونفرانسی یەکیەتیی ژنانی دێمۆکرات



## درێژەی لاپەڕەی ۱

هاوڕێ خەدیجە لە سەرەتای قسەکانی دا گوتی: "لە کاتێك دا کۆنفرانسی سێهەمی یەکیەتیی ژنانی دێمۆکرات دەکەینەوە کە دەریایەك ئاڵوگۆڕ بە سەر جیهان دا هاتوەو شەپۆلی دەریای ئەم ئاڵوگۆڕانەش لە لێواری کاروتێکۆشانی ژنانی جیهان بە گشتیو ژنانی ئێرانو کوردستان بە تایبەتی داوەو ژنانی زیاتر لە رابردوو بە مەسەلەکانیان ئاشناو چالاك کردوە. ئێمە لەم سەردەمەدا کۆنفرانسی سێهەمی ژنان دەگرین کە بزووتنەوەیەکی گەورەو بەرین، وەك هێزێکی کۆمەڵایەتیو سیاسی بە شێوەی نوێ لە جیهان دا هاتۆتە گۆڕ کە بە بزووتنەوەی فیمینیستی بە نێوبانگە". . . . هاوڕێ خەدیجە لە بەشێکی دیکەی قسەکانی دا گوتی: " بە هۆی باوەڕی قووڵی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بە مەسەلەکانی ژنانو رابردووی پرشنگداری لەم بارەوە، هەرکات هەستی کردبێ لە بوارە جۆراوجۆرەکان دا چالاکییەك، سەرکەوتنو گەشە کردنی زانیاریو تێگەیشتوویی ژنانی تێدا بەدی دەکرێ، دەستی گرتوونو یارمەتیی داون. یەکیەتیی ژنانیش، حیزبی دێمۆکرات بە یاوەرو پاڵپشتی خۆی دەزانێو لە ئەزموونو کردەوە شۆرشگێرانەکانی لە مەیدانی کردەوەدا بە نیسبەت ژنانەوە کەڵك وەردەگرێ".

پاشان پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە لایەن هاوڕێی بەرێزو تێکۆشەر مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانەوە پێشکەش کرا. بەڕێز مامۆستا حەسەن زادە لە سەرەتای قسەکانی دا بە بۆنەی پێکهاتنی سێهەمین کۆنفرانسی یەکیەتیی ژنانی دیمۆکراتەوە، پیرۆزبایی لە هەموو ئەندامانی ئەو یەکیەتییە کردو سەرکەوتنی کۆنفرانسەکەی بە ئاوات خواست. دوایە لە سەر خەباتو تێکۆشانی ژنانی کوردستانو بەشداریی ژنی کورد لە کارو تێکۆشان لە بوارە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵ دا، قسەی کرد. سکرتێری گشتیی حیزب بەرێزەوە لەو ئەرکو بەرپرسایەتییانە دوا کە ژنانی خۆڕاگرو بەجەرگی کوردستان لە خەباتی رزگاریخوازانەی نەتەوەکەیان دا کەوتۆتە سەرشانیانو بە لێوەشاوەییەوە بە جێیان گەیاندوە.

بەرێز مامۆستا لە بەشێکی دیکەی وتارەکەی دا، بڕوا هەبوون بە بەرامبەریی مافەکانی ژنو پیاوو رێزنان لە مافو ئازادییەکانی ژنانی بە مەرجێکی ئەسڵیو سەرەکیی دێمۆکرات بوون داناو گوتی: لە نێو حیزبی دێمۆکرات دا، ئەو پیاوانە "دێمۆکرات" ترن کە باوەڕێکی زیاتریان بە بەرامبەریی مافەکانی ژنان لەگەڵ پیاوان لە نێو بنەماڵەو کۆمەڵ دا هەیەو ئەوبڕوا هەبوونەیان لە بنەماڵەی خۆیان ڕا دەست پێکردوە. سکرتێری گشتیی حیزب لەو بارەوە پێشەوای مەزن قازی محەممەدی بە نموونە هێنایەوە کە دەبێ بۆ ئەندامانی حیزب ئولگووو سەرمەشق بێ. بەڕێزیان یەکیەتیی ژنانی دڵنیا کرد کە حیزبی دێمۆکرات هەروەك رابردوو ئامادەیە بۆ هەر چەشنە پشتیوانیو هاوکارییەکی یەکیەتیی ژنان. وتاری مامۆستا لەگەڵ پێشوازیی گەرمی ژنانی دێمۆکراتو تێکڕای بەشداران بەرەوروو بوو. دەقی وتارەکەی سکرتێری گشتیی حیزب هەر لەم ژمارەیەی "کوردستان" دا خراوەتە بەرچاوی خوێنەران.

دوای پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێمۆکرات یەکێك لە میوانە بەرێزەکان بە ناوی خاتوو فریشتە هۆنراوەیەکی خۆی بە ناوی "داری هیوا" پێشکەشی ئامادەبووان کرد. پاشان راپۆرتی سیاسیی کومیتەی بەرێوەبەریی یەکیەتی ژنان لە لایەن هاوڕێ چنوور مێهرپەروەر بەرپرسی یەکیەتی ژنانی دێمۆکراتەوە پێشکەش کرا. راپۆرتی سیاسیی کومیتەی بەرێوەبەریی، دوای ئیشارە کردن بە گرینگترین مەسەلەی ئێستای جیهانو ناوبردنی تیرۆریزم وەك هەڕەشەیەکی گەورە لە دژی مرۆڤایەتی کە ژنان بەشێکی گەورە لە قوربانییەکانی پێك دێنن، ئاوڕی لە وەزعی ژنان لە دنیای ئەمڕۆ دا دایەوە. راپۆرت گرینگییەکی تایبەتی دابوو بە وەزعی تاڵی ژنان لە ئێران داو لەو پێوەندییەدا، پاش ئاماژە بە زۆر نموونە لە فەرقو جیاوازی دانان دژی ژنانو، بیبەشیی ئەوان لە مافوئازادییەکانیان، کۆمەلیك لەو دیاردانەی دەست نیشان کردبوو کە لە ژێر حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی دا، سەریان هەڵ داوەو ئەمڕۆ ژنانی ئیرانیان ئەوەندەی دیکە نوقمی رۆژ رەشی کردوە. لە دوابەشی راپۆرتەکەدا، ئەرکەکانی یەکیەتیی ژنانی دیمۆکرات لە هەلومەرجی ئیستادا خرابوونە بەرچاوی نوینەرانی کۆنفرانس.

لە بەشیکی دیکەی ئەو ریورەسمەدا پەیامی پیرۆزبایی ئەو کەسایەتیو کۆمەڵەو ریکخراوانە خویندرانەوە:

۱ـ یەکیەتیی ژنانی دیمۆکراتی کوردستان ـ مەکتەبی سکرتاریەت
۲ـ یەکیەتیی ئافرەتانی کوردستان ـ مەکتەبی سکرتاریەت
۳ـ کۆمەلەی ئافرەتانی کوردستان ـ هەولیر
٤ـ ناوەندی هاوبەش (پیکهاتوو لە ژمارەیەك لە ریکخراوو کۆمەلەی تایبەت بە ژنان)
۵ـ مەکتەبی سکرتاریەتی بزاڤی ئافرەتانی کوردستان
٦ـ مەکتەبی سکرتاریەتی کۆمەلەی خانمانی میللی کوردستان
۷ـ ریکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان
۸ـ نووسینگەی ئافرەتانی یەکیەتیی نەتەوەیی دیمۆکراتی کوردستان
۹ـ یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ـ لە کوردستان عیراق
۱۰ـ یەکیەتی ژنانی کوردستان، لیژنەی کۆیە
۱۱ـ کۆمەلەی ئافرەتای کوردستان لیژنەی ناوچەی کۆیە
۱۲ـ مەلبەندی۳ی ریکخستنی هەولیر
۱۳ـ پەیامی بنەمالەی بەریزی خوالیخۆشبوو عومەر دەبابە
۱٤ـ بەر یز کاك جەلیل گادانی بەرپرسی بونیاتی پشتیوانی لە ریکخراوە دیمۆکراتو سینفییەکان
۱۵ـ کومیتەی بەریوەبەریی گشتیی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی کوردستانی ئیران
۱٦ـ یەکیەتیی ژنانی دیمۆکراتی کوردستانی ئیران ـ کانادا
۱۷ـ یەکیەتیی ژنانی دیمۆکراتی کوردستانی ئیران ـ فینلەند
۱۸ـ یەکیەتیی ژنانی دیمۆکراتی کوردستانی ئیران ـ نۆرویژ

ئەو بەشە لە ریورەسمەکە تا سەعاتی ۱۲ی نیوەرۆی خایاند. پاشان بەشداران هەموو پیکەوە نانی نیوەرۆیان خواردو میوانەکان مالئاواییان کردو بەریزەوە بەرێ کرانەوە.

کۆبوونەوەی دووهەمی کۆنفرانس سەعات ۳ی پاش نیوەرۆ دەستی پێکرد. لەو کۆبوونەوەیەدا، دوای راگەیاندنی دەستووری کاری کۆنفرانس بەشی دووهەمی راپۆرتی کومیتەی بەریوەبەریی (راپۆرتی کاروتیکۆشانی یەکیەتیی ژنان لە نیوان کۆنفرانسی دووهەم تا سیهەم دا) لە لایەن خوشکە چنوور میهرپەروەر بەرپرسی یەکیەتیی ژنانی دیمۆکراتی کوردستانی ئیرانەوە خویندرایەوە. دوابەدوای پیشکەش کرانی ئەو راپۆرتە، باسو بیرورا دەربرین لە سەر راپۆرتەکانو پیرەوی نیوخۆی یەکیەتیی ژنان دەستی پێکرد. هەر لەوبەشەدا ئەو نەزەرو تیبینییانەی کە لە لایەن هیندیك لە ئەندامانو دۆستانی یەکیەتیی ژنانەوە بۆ کۆنفرانس هاتبوون خویندرانەوە. باسو لیدوان لە سەر ئەو بەلگەنامانە چەند جەلەسەی بۆ تەرخان کرا. لە کۆتایی ئەو بەشەدا هیندێ سەرنجو تیبینی بە سوود وەبەرچاو گیرانو راپۆرتو پیرەوی نیوخۆ پەسند کران.

ئاخرین بەشی کاری کۆنفرانس، هەلبژاردنی ئەندامانی کومیتەی بەریوەبەریو جیگرەکان بوو. بەم جۆرە کۆنفرانس پاش دوو رۆژ کاری بەردەوام سەرکەوتووانە کۆتایی بەکارەکانی هینا. ※

## چەند بەشێك لە ڕاپۆرتی سیاسیی

# کومیتەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئێران بۆ کونفرانسی سێهەمی ئەو یەکیەتییە

ڕاپۆرتی کومیتەی بەریوەبەریی بۆ کۆنفرانسی سیهەم کە لەلایەن هاوڕێ چنوور میهرپەروەر بەرپرسی کومیتەی بەریوەبەرییەوە پیشکەش کرا، بە بەخیرهینانی میوانەکان، سوپاس لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران بۆ پشتیوانیی بەرین لەم یەکیەتییەو هەروەها هەلسەنگاندنی ئەو هەلومەرجەی کە سیهەمین کونفرانسی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی تیدا بەر یوە چوو، دەست پێ کراوە.

لە دریژەی راپۆرتەکەدا ویر ای لیکدانەوەو هەروەها بیزاری لە دیاردەی تیرۆریزمو شوینەوارە نەگریسەکانی ئەم دیاردەیە لە سەر کۆمەلگەی ئینسانی، بەم جۆرە کیشەکانی ژنان خراوەتە بەر باس:

"ئەمرۆ مەسەلەی ژنان یەکی لە مەسەلە پر گریو گۆلەکانی کۆمەلە. مەسەلەی ژنان پیوەندیی راستەوخۆی بە لایەنەکانی دیکەی ژیانەوە هەیە. هەولدان بۆ نەهیشتنی ئاپارتایدی جینسی بە دریژایی میژوو یەکیك لە لایەنە گرنگەکانی خەبات بۆ ئازادی بووە. میژوو سەلماندوویەتی لە هەر کۆمەلیك دا بایەخ بە مافی ژنان درابی، ئەو کۆمەلە پتر لە بەختەوەری نیزیك بۆتەوە. بە پیچەوانەش ئەو کۆمەلگایانە کە هیشتا مافی ژنانیان تیدا پیشیل دەکرێ، هەروا لە دواکەوتوویی دا ماونەتەوەو کەمتر گەشەیان سەندوە. بۆ باشتر روون بوونەوەی ئەم مەسەلەیە لیرە دا گیروگرفتەکانی ژنان، دەسکەوتەکان و شوینەواریان لە کۆمەل دا دەخەینە بەر چاو.

مرۆڤ هەر لە سەرەتای هاتنە سەر دونیاوە بەردەوام بۆ گەیشتن بە ژیانیکی باشترو گەشە سەندنی زورتر لە تیکۆشان دا بووەو لەم رەوتە دوورو دریژە دا تووشی زۆر کیشەو گیروگرفت بۆتەوە. لەلایەکەوە کیشە لەگەڵ سروشتو لە لایەکی دیکەوە کیشە لەگەڵ خۆی دا، لایەنەکانی ئەم تیکۆشانە دوورو دریژەیان پیك هیناوە. ئاکامی ئەو خەباتو تیکۆشانە، ئەم ژیانە پر دەسکەوتو پیشکەوتووەیە کە ئەمرۆ کۆمەلگای مرۆڤایەتی لیی بەهرەمەندە."



لە بەشیکی دیکەی راپۆرتەکەدا بارودۆخی ژنان لە وڵاتانی جیهانی سیهەم دا خراوەتە بەر باسو لەم پیوەندییەدا هاتوە:

"ئەم نابەرانبەرییانە لە ولاتانی جیهانی سیهەم دا بە رادەیەکی وردترو بەربلاوتر خو دەنوینن. ئەوەی راست بی ژنان لە جیهانی سیهەم دا هیشتا میژوویەکی تایبەت بە خویان نیە. ئەوە کە پیاو بەرپرسی ئەسلیی دابین کردنی بژیوی بنەمالەیە، بۆتە هوی ئەوە کە ژنان لە باری ئابوورییەوە، بەستراوەیی‌یان بە پیاوەوە ببی. ئەم بروایە کە پیاو بەرپرسایەتیی مەعیشەتی بنەمالەی لە سەر شانە، وەك فەرهەنگیکی گشتی لە ولاتانی جیهانی سیهەم دا جیاوازی دانان لە نیوان ژنو پیاودا پاساو دەکا.

شوینەواری خراپی ئەم بیرکردنەوەیە لە دەسەلاتی سیاسیی ولاتەکان و پیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دا رەنگی داوەتەوە. ئەمەش لە جیی خوی دا عامیلیکی گرینگە کە بۆتە هۆی ئەوە کە ژنان بە گشتی لەم ولاتانەدا بچەوسینەوەو بە چاویکی سووك چاویان لی بکری. هەربویە دەبینین کە توندوتیژی لە نیو خیزان دا، دەستدریژی کردن، کرینو فروشتنی کچانو ژنان، کوشتنی ژنان بە ناوی دیفاع لە شەرەفو پاراستنی ناموسەوەو. . . لەو دیاردە ئاسایی‌یانەن کە لەم وڵاتانەدا دەبینرین.

زالبوونی نیزامە دیکتاتورەکان بە سەر زوربەی ولاتانی جیهانی سیهەم دا، لەمپەریکی گەورەیە کە کۆمەلی لە پیشکەوتنی کومەلایەتی، سیاسیو ئابووری دوور راگرتوە. ئەم ریژیمانە بۆ بەردەوامیی دەسەلاتی خویان، زۆر بە ئاستەم لەو سوننەتە کۆنو دواکەوتووانەی کە خەلکی ئەم ولاتانەیان لە دواکەوتوویی دا راگرتوە، دوور دەکەونەوەو ئەوەش لە جیی خوی دا عامیلیکی گەورەیە کە بە تایبەت توندوتیژی دژ بە ژنان وەك رەوتیکی ئاسایی برەو پی‌داوە.

تەنانەت ئەو ولاتانەش کە لە حالی پەرەئەستاندن دان بو باشتر بوونی وەزعی ژنان، هەنگاویکی ئەوتویان هەل نەگرتوە. بە پیی راپورتی بانکی جیهانی دەست دریژی کردنە سەر ژنانو توندوتیژی لە نیو بنەمالەدا زورتر لە نەخۆشییەکانی وەك سەرەتانی سینگ، سەرەتانی مندالدان، شەرو تەسادوف، سەلامەتیی ژنان دەخەنە مەترسییەوە. بە پیی راپورتی ریکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان لە نیوان ۸۵ تا ۱۱٤ میلیون کچو ژن کە زوربەیان لە ولاتانی ئەفریقا، روژهەلاتی نیوەراستو ئاسیادا دەژین، لە لایەن بنەمالەکانیانەوە خەتەنە دەکرین".

لە بەشیکی دیکەی راپۆرتەکەدا، وەزعییەتی ژنان لە ئیران دا خراوەتە بەرباسو لە برگەیەکی ئەم باسەدا هاتوە:

"ریژیمی کۆماری ئیسلامیی ئیرانیش یەکی لەو دەولەتانەیە کە کارنامەیەکی رەشیان بە نیسبەت ژنانەوە بو خۆیان تۆمار کردوە. یەکی لەو تایبەتمەندییە بەرچاوانە کە ریژیمی کوماری ئیسلامییان پی ناسراوە، دژایەتی لە گەڵ مافی ئینسانیو سروشتیی ژنانە. کۆمار ئیسلامی لە یەکەم روژەکانی بە دەسەلات گەیشتنیەوە هەموو ئەو یاسایانەی کە بە دیفاع لە بنەمالە پەسەند کرابوون، هەلوەشاندەوەو لە یەکەم هەلویست دا روانگەی خوی بەرامبەر بە ژن لە ژیر دروشمی "یا روسری یا تو سری" دا دەرخست. بەم جورە هەر لە سەرەتاوە خەتی سووری بە سەر دەسکەوتەکانی پتر لە یەك سەدەی خەباتی ژنان لە ئیران دا کیشا. ریژیمی کونەپەرستو پیاو سەرداری کۆماری ئیسلامی بە پیی روانگەی دواکەوتووانەی خۆی، هەموو توانای بە کار هینا تا بە یاسایی کردنی ئەو دابو نەریتو سوننەتە کۆنانە کە لە نیو کۆمەڵ دا بە نیسبەت ژنانەوە، باو بوون، ریگا بۆ سەرکوتو پاشەکشە بە ژنان لە هەموو بوارەکانی ژیان دا خۆش بکا. ئەو سیاسەتە نارەوایە کە کاربەدەستانی کوماری ئیسلامی لە ماوەی دەسەلاتی خویان دا بە نیسبەتی ژنان بەریوەیان بردوە، زەربەیەکی واگرانی لە کەسایەتیو شوینی کۆمەڵایەتیی ژنان داوە کە بۆ قەرەبوو کردنەوەی زەمانیکی زۆری پیویستە. ←

ئەگەر چاویك بە قانوونی ئەساسیو مەدەنیی کوماری ئیسلامی دا بخشینین لە نیوەرۆکی ئەو یاسایانەدا لایەنگری لە ئاپارتایدی جینسی بە راشکاوی دەبینری.

لە یاسای مەدەنیی کوماری ئیسلامی دا گەلی مادده بەرچاو دەکەون کە لەوان دا ژن بە کەم گیراوە و ئیرادەو ئیختیاری لە زۆر بواردا بە پیاو سپیردراوە.

بە پیی مادەی ۱۱۱۷ی قانوونی مەدەنی، پیاو دەتوانێ لە کارکردنی ژنی خۆی لەو بوارانەدا کە لە گەل مەسلەحەتی بنەمالەو حەیسییەتی ژن ناتەبایی هەیە، پیشگیری بکا.

بە پیی مادەی ۱۱۳۳ی قانونی مەدەنی، پیاو هەرکات بیهەوی دەتوانی ژنی خوی تەلاق بدا.

بە پیی مادەی ۱۱۰۵ قانوونی مەدەنی، لە عەقدی دایم داو لە پیوەندیی نیوان ژنو پیاودا، پیاو رەئیسو گەورەی مالە.

لە یاساکانی ئیراندا چەند هاوسەری بو پیاو تەجویز کراوە.

جینسیەت سالاری لە بواری مودیرییەتی ولات دا زور بە زەقی دیارە.

لە قانوونی کاری ریژیم دا هیچ ماددەیەك پەسند نەکراوە کە بە پیی ئەو، فورسەتی وەك یەك بۆ ژنو پیاو لە دامەزراندن دا لە بەرچاو بگیری. ئەوەش لە حالیك دایە کە لە واقیع دا ئیمکانی بەرانبەر بو پەیدا کردنی شوغل وجوودی نیە. لەم سالانەی دوایی داو پاش بەریوەبردنی گەلالەی تەعدیلی ئابووری، زۆربەی کارخانە گەورەگان هەولیان دا بەرە بەرە لە هیزی کاری پیاوان لە جیاتی ژنان کەلك وەرگرن. مودیری زۆربەی کارخانەکان، دامەزراندنی ژنانیان لەبەر پیویستیی بە مەرەخەسیی زاوزیو گیروگرفتی مندالو. . . بە زیان لیك داوەتەوەو وایان بە باش زانیوە کە پتر لە هیزی پیاوان کەلك وەرگرن. ئەمەش لە حالیك دایە کە لە ولاتی ئیمەدا هیشتا ژنانی کەیبانوو بە شیوەیەکی سەربەخۆ نەچوونەتە ژیر پۆششی بیمەو تەئمینی کۆمەلایەتی. ژنانی وەرزیرو گوندنشینیش کە وەك بەشێ لە ژنانی کەیبانوو بە حیساب دین، لە کەمترین ئەمنییەتی مالی، شوغلیو بیمە بەهرەمەندن."

بەشیکی دیکەی ئەم راپۆرتە لەبارەی گرفتەکانی ژنان لە کوردستان دا بەم شیوە دەکۆلیتەوە:

"ئەوە راستە کە پیشیلکردنی مافی ژنانو بەر یوەچوونی توندوتیژی دژ بەوان زولمیکی بەربلاوو بێ سنوورە، بەلام ئەم رەوتە لە هەموو شوینیك دا وەك یەك نیەو بەگویرەی پیشکەوتنو تیگەیشتنی کۆمەڵ لە شوینە جۆراوجۆرەکان دا جیاوازی بەدی دەکرێ.

بە داخەوە لە کوردستان جگە لەو ریوشوینانە کە بەهۆی کۆماری ئیسلامییەوە ریگای پیشکەوتنی ژنانیان بەربەست کردوە، بوونی هیندێ داب‌و نەریتی کۆنی کۆمەلایەتییش ئەم بێ مافییەی بۆ ژنانی کورد چەند قات کردۆتەوە. لە کوردستان دا سیاسەتو روانگەی کۆماری ئیسلامیو داب‌ونەریتە کۆنەکان دەستیان داوەتە یەك تا ژن مل کەچو کۆیلەی چارەنووسیکی نادیار بێ.

هیشتا هیندیك دیاردەی دواکەوتووانەی وەك ژن بە ژنە، گەورە بە چووکە، بە زۆر بە میرددانو . . . لە کوردستان دا برەویان هەیە. ئەم ئازارانە لە سەرجیسمو رۆحی ژنانی کورد تەئسیری زۆر خراپیان داناوە، بە جۆریك کە بۆتە هۆی پەرەئەستاندنی بەربلاوی خۆکوشتنو خۆ سووتاندنی ژنان لە شارەکانی کوردستان دا. بە پیی وتەی دوکتوری یەکێ لە نەخۆشخانەکانی شاری قوروە کە یەکێ لە شارە بچووکەکانی کوردستانی ئیرانە، نیونجی ئەو ژنانە کە خۆیان دەسووتینن لە مانگ دا خۆ لە ۱۵ کەس دەدا. هەروەها لەم سالانەی دوایی‌دا رادەی تەلاق لە کوردستان دا رووی لە زیاد بوون کردوە. بە جۆریك کە رادەی تەلاق لە کوردستان دا بە نیسبەت حەشیمەتی ئیران مەقامی یەکەمی هەیە."

لە بەشی کۆتایی راپۆرتەکەدا، ئەرکەکانی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە داهاتوودا‌و هەروەها دوورە دیمەنی چالاکییەکانی ئەم یەکیەتییە باسی لەسەر کراوە. لەم پیوەندییەدا پیشنیارو رینوینی پیویست خرانە بەرچاو. لەم بارەیەوە گوتراوە:

"یەکیەتیی ژنان دەبێ هەوڵ بدا گرینگی و پیرۆزیی بەشداریی چالاکانە لەم خەباتە هاوبەشەدا دەست نیشان بکاو تا ئەو جیگایەی لە دەستی دێ، ژنانی کورد هان بدا هەرچی زیاتر بەشداری لە خەبات بۆ وەدەست هینانی مافی نەتەوایەتیی گەلی کورد دا بکەن. دیارە ئەم ئەرکە میژوویی‌یە بەمانای ئەوە نیە کە ژنان هەموو توانای خۆیان تەنیا لە یەك بواردا بخەنەگەر، بەلکوو لە هەمان کات دا کە نەخشی خۆیان لەو خەباتە پیرۆزەدا دەگیر ن، لە هەمان کاتیش داو شانبەشانی ئەو خەباتە دەبێ بۆ سرینەوەی هەموو چەشنە ستەمیك لەسەر ژنان هەوڵ بدەن. گرینگیی ئەم دوو خەباتە، بەرادەیەکە کە ناتوانین گرنگیی یەکیکیان پیش ئەوی دیکە بخەین. بەجییەو دەکرێ پێ بە پیی یەك بۆ لەبەین بردنی ستەمی میللی و جیاوازیی جینسی هەنگاو هەڵگرین. لە واقیع دا ئەم دوو لایەنە لە خەبات نەوعیك پیوەندیی دیالیکتیکی و نەپچراویان پیکەوە هەیە.

دووهەم وەك ئیشارەمان پیکرد ئیمە وەك یەکیەتیی ژنان ئەرکی تیکۆشان بۆ لەبەین بردنی جیاوازیی جینسی لە کۆمەڵو بنەمالەمان دا لە ئەستۆیە. یەکیەتیی ژنان دەبێ بە پیی گەلالەی دیاریکراو توانای خۆی بۆ دیفاع لە مافی ژنان بخاتە گەر. دیارە ئیمە لە هەلومەرجیکی دژوارو دوور لە زیدو ولاتی خۆمان دا دەژین. بەداخەوە ئەم دووریو تەریك کەوتنەوەیە تا رادەیەك توانای ئیمەی بۆکار کردن لە نیو ولات دا بە شیوەی راستەوخۆ کەم کردۆتەوە. بەلام ئەمە نابێ ببیتە هۆی ئەوە کە دەست لە سەر دەست دانیینو چاوەریی فەزایەکی ئاوەلە بین. دەبێ تا ئەو جیگایە کە مومکینە، پیوەندیی خۆمان لەگەڵ دونیای دەرەوە بەربلاوتر بکەینەوە. دەتوانین بە پیوەندی گرتنو هاوکاری کردن لە گەڵ ریکخراوەکانی دیکەی سەربەخۆی ژنان، گۆرینەوەی بیروراو سەردانی یەکتر، تا رادەیەك ئەو کەلینانە پربکەینەوە. ئیمە دەبێ هەوڵ بدەین ئاسەوارە زیانبخشەکانی فەرهەنگی پیاوسالاری لە نیو کۆمەلی کوردەواری دا دەست نیشان بکەینو بەبێ ئەوەی دژایەتییەك لەگەڵ پیاوان دا بکەین بە هاوکاریی یەكو بە ریزدانانی بەرامبەر بۆ دابین کردنی کۆمەلیکی بەختەوەر بەبێ جیاوازیی جینسی تیبکۆشین.

دەتوانین بە هاوکاری کردنی زۆرتر لەگەڵ بەرنامەی رادیویی "بۆ بەختیاریی کۆمەڵ"، ئەم بەرنامەیە، پرنیوەرۆکتر بکەین کە لە دوای کۆنفرانسی یەکەمەوە بەبەردەوامی بەریوە دەچێ."

⁕

**رادیۆ دەنگی کوردستانی ئیران**
**هەموو رۆژێ**
**بەیانیان سەعات ۷ تا ۹**
**ئیواران سەعات ۷/۵ تا ۹/۵**
**بەکاتی تاران**
**لەسەر شەپۆلی کورتی ۷۵ میتر**
**(فریکانسی ۳۹۸۵ کیلۆهیرتز)**
**بە دوو زمانی کوردیو فارسی**
**بەرنامە بلاو دەکاتەوە.**

# ئاوەدانکردنەوە یان تراویلکەیەکی دیکە؟!

دریژەی لاپەڕی١

بارەی سیاسەتەکانی ئەم بەرنامەیە لە کوردستان دا، وینەیەکی راستەقینە لە وەزعییەتی ئابووریی ئیران‌و هەروەها کیشەو گیروگرفتەکانی ئەم لایەنە بخریتە بەرچاو. بەڵام پیش لەوەی بچینە نیو باسی وردەکارییە ئامارییەکانی باسەکەوە، پیویستە نەختیك ئەو هەلومەرجەی کە لە باری سیاسییەوە خاتەمیی ناچار بە خویندنەوەی ئەم راپۆرتە کرد، شی بکەینەوە.

دەولەتی خاتەمی کە سالی ٧٦ بە هەلگرتنی دروشمی پەرەپیدانی سیاسی، دەسەڵاتی بەریوەبەریی ولاتی گرتە دەست، پاش باس‌و دەمەقالەیەکی زۆرو دوورو دریژ لەبارەی بایەخی پتری پەرەپیدانی سیاسی لە چاو بوارەکانی تری وەك ئابووری، کۆمەلایەتی‌و تەنانەت فەرهەنگی، پاش چەند سالْ ئەزموونیکی سەرنەکەوتووی لەم بوارەدا لە کارنامەی خۆیدا تۆمار کرد. لەگەلْ رەخنەو پیداگرتنی بەردەوامی ریبەریی ریژیم لە سەر مەترسییە زۆرەکانی بایەخدان بە پەرەپیدانی سیاسی، خاتەمی بەرەبەرە لە جیبەجێ کردنی بەلینەکانی لەم بوارەدا بە شیوەیەکی زۆر ئاشکرا خۆی دزییەوەو بە شوین ئەودا هاوبیران‌و لایەنگرانی نزیکیشی هەولیان دا ـ بە بیانووی پووچەلکردنەوەی نەخشەی دوژمنانی ریفۆرم ـ دریژەی ئەو بە داهاتوویەکی نادیار بسپیرن! لە هەلومەرجیك دا ئەو پاشەکشییە کرا کە لەم چەند سالەداو لە ئاکامی لاوازیی بایەخدان بە باری ئابووریی ئالۆزیی ئیران، باری ئابووریی ئیران رۆژ لە دوای رۆژ پتر ئالۆز بووو تەنگی بە کۆمەلانی خەلك هەلچنی. ئەم بارە نالەبارەی ئابووریی ئیرانیش بووە بیانوویەك بە دەستی کۆنەپاریزان‌و لە سەروویانەوە خامەنەیی بە جۆریك کە لە هەر بۆنەیەك دا باسی لە خۆپاراستن لە کیشەی سیاسی دەکردو فرمیسکی بە درۆی بۆ خەلکی ئیران هەلْ دەرشت‌و خۆزگەی بە رۆژانی رابردوو دەخواست! لە پەیامی نەورۆزیی سالی ٧٩دا، بە ناونانی ئەو سالە بە سالی سەقامگیربوونی ئەمنییەت‌و باشبوونی باری ئابووری، بەشی زۆری ئەرکی ریفۆرمخوازانی لە پیوەندی لەگەلْ پەرەپیدانی سیاسی‌و ئابووریدا دیاری کرد! خاتەمییش ملی بۆ قسەکانی ریبەر راکیشاو بەلینی دا کە بە تەواوی هەولْو توانای خۆی بۆ باشتر کردنی باری ئابووری دەکار بکا، تا ئەوەی کە لە کۆتایی مانگی رەزبەری ئەمسالْ داو لە گەرمەی خۆپیشاندان‌و نارەزایەتیی ئەم دوایانەی خەلك دا راپۆرتیکی لە سەر کارو هەنگاوەکانی سالی ٧٩، لە مەجلیس دا خویندەوەو بەم جۆرە هەولی دا کە هەم ریبەر دلنیا بکاتەوەو هەم خەلك بە باشتر بوونی باری گوزەرانیان لە داهاتوودا هیوادار بکا.

بەڵام خاتەمی لە راپۆرتەکەی خۆی دا تەنیا لە چوارچیوەی هیندیك ئاماردا مایەوە. ئەو سەبارەت بە هۆکارەکانی ئەم سەرکەوتنانەو پیش بینیی رەوتی داهاتووی ئەوان بە هیچ چەشنیك بۆچوونی خۆی دەرنەبری. خالیك کە لەم پیوەندییەدا دەبێ سەرنجی بدریتێ، بریتی‌یە لە جۆری داهاتەکانی دەولەت لە سالی ٧٩دا. بەشیکی زۆر لەو پیشکەوتنەی خاتەمی ئیددیعای دەکرد لە سایەی هەلکشانی نرخی نەوت لە بازارەکانی جیهان داو هەروەها بە هۆی چوونەسەری داهاتی ئەرزیی ولات لە ریگای فرۆشتنی نەوتەوە لەم سالەدا وەدەست هاتوە. بە واتایەکی دیکە تەزریقی دولارە نەوتی‌یەکان بە شیوەیەکی کاتی بووە هۆی پیکهاتنی هیندیك ئالوگۆر لە ریژەی سەرمایەدانانی دەولەت لە بودجەی ئۆرگانە جۆراوجۆرەکان دا. بەڵام بە سەرنجدان بەو راستییە کە بەرنامەکانی پەرپیدان دریژخایەنن‌و، چارەنووسی ئەم چەشنە داهاتانەش کە کورتخایەن‌و کاتین بە بەرزی‌و نزمیی بازارە جیهانییەکانی نەوتەوە بەستراوەتەوە، وەك رۆژ روونە پشت بەستن‌و دلخۆشکردن بەم جۆرە داهاتانە دەبیتە هۆی پشت گویخستن‌و لە بیربردنەوەی ئەو نەخۆشییە سەرەکی‌و ریشەدارەی کە ئابووریی ئیران پیوەی دەنالینێ. بۆ سەلماندنی ئەو قسەیەش، هەر پینج رۆژ بەر لە خویندنەوەی راپۆرتی ناوبراو راگەیاندرابوو کە ئەو داهاتە ئەرزییەی کە لە ٦ مانگی یەکەمی سالی ٨٠دا لە ریگای فرۆشی نەوتەوە وەدەست هاتوە، بە ریژەی ١٥٪ لە چاو ٦ مانگی یەکەمی سالی ٧٩ کەمی کردوە. بە جۆریك کە ئەم داهاتە لە ١١/٥ میلیارد دۆلار لە سالی ٧٩دا، بۆ ٩/٨ میلیارد دولار لە سالی ٨٠ دا دابەزیوە (١). ئەم رەوتی دابەزینەی نرخی نەوت هەر بەردەوامە. بەشیوەیەك کە ئەگەر نیونجی نرخی هەر بۆشکە نەوت ٢٦ دولار بووەو لە شەش مانگی یەکەمی سالی ٨٠دا هاتۆتە سەر ٢٤ دولار، ئیستا نرخی بۆشکەیەك نەوت بە ٢٠ دولارە. سەرباری ئەمەش گفت‌و لفتی خاتەمی لە کاتی خویندنەوەی راپۆرتەکەداو خۆپاراستنی ناوبراو لە شیکردنەوەی لایەنەکانی ئەو راپۆرتە ئەوەندە روون بوو کە رەزا عەبدوللایی سەرۆکی کومیسیونی ئابووریی مەجلیس وتی: راپۆرتی سەرکۆمار تەنیا باسی خالە گشتییەکانی کرد، لە بوارەکانی دیکەدا زۆر لیل‌و ناروون بوو. ناوبراو هەروەها گوتی: "دەبوا سەرکۆمار لە راپۆرتەکەی دا باسی لە سیاسەتە بەریوەبەرییەکانی پیوانەکان، هۆکاری جیاوازییەکان‌و هەروەها ئەو ریگایانەی کە دەبوو ببنە هۆی باشتر بوونی باری ئابووری بکردایە کە ئەو کارەی نەکرد". (٢)

لە نیو ئەو بۆچوونانەدا کە سەبارەت بە کەموکوورییەکانی بەرنامەی سیهەمی پەرەپیدان دەربراون، بۆچوونی ئوستانداری نویی کرماشان لە هەمووان سەرنج راکیشترە کە هەر چوار رۆژ بەر لە راپۆرتەکەی خاتەمی، لەم پیوەندییەدا دەری بریبوو. هەروەك چۆن لە بارەی بەرنامەکانی پیشووی ریژیم دا پیش پیش بینی دەکرا، ئەمجارەش ریژیم لە سەر سیاسەتەکانی خۆی لەمەر ناوچە کوردنشینەکان بەردەوامە، بەجۆریك کە ئوستانداری تازە تەنیا چەند رۆژ پاش دانانی لەم پۆستەداو لە یەکەم سەرنجی خۆی لە سەر ئەو بەرنامانەی کە بۆپەرەپیدانی ئەم ئوستانە لە تارانەوە گەلاڵە کراون، رای گەیاند کە ئەم بەرنامانە بە هیچ شیوەیەك لەگەلْ تایبەتمەندییەکانی ئەم ئوستانەدا ناگونجین.(٣) تورك نژاد ئوستانداری کرماشان، ویرای باسکردنی لایەنە لاوازەکانی ئەو گەلاڵەیە تەنیا لە دوو لایەنی سەرەکی‌دا، رای گەیاند کرماشان خاوەنی ١٢/٥ میلیارد میتری سێ گۆشە ئاوە کە بە گویرەی ئەم بەرنامەیە تەنیا لە ٥ میلیارد میتری سێ گۆشەی ئەو ئاوە بە باشی کەلك وەردەگیرێ! ناوبراو هەروەها گوتی کە ئەم ئوستانە ٥٠٠٠ هیکتار زەویی بە پیتی بۆ کشتوکالْ هەیە کە ئیستا تەنیا لە ١٠٪ی ئەو زەوییانە کەلك وەردەگیرێ‌و لە بەرنامەی سیهەمی پەرەپیدان دا بە هیچ جۆر بیر لە کەلك وەرگرتن لەو سەرچاوانە نەکراوەتەوە!

لە ئوستانی کوردستانیش وەزعەکە بەم جۆرەیە. ئوستانی کوردستان کە خاوەنی سەرچاوەی جۆراوجۆرو دەولەمەندی سروشتییە، بە پیچەوانەی تەواوی ئەو ئیددیعاو تەبلیغاتەی سەبارەت بە بایەخدان بەو توانایی‌یانە دەکرێ. بایەخیکی یەکجار کەمی دەدریتێ‌و لەم پیناوەدا تەنانەت هیچ چەشنە پشتیوانییەك لە وەگەرخستنی سەرمایە لە لایەن کەرتی تایبەتییشەوە ناکرێ، بۆ نموونە لە حالیك دا کە تەنیا سێ ولات لە دنیا دا خاوەنی (معدن)کانی دەولەمەندی "شیل"ن‌و یەکیك لەو کانانە لە کوردستانی ئیران‌و بە تایبەت لە دەوروبەری شاری سنەدا هەلْ کەوتوە، تەنانەت لە ئاستی میللییش دا ـ چ وەك هەناردەی خاوو چ بە گۆرینی کەرەستەیەکی باشی هەناردەیی ـ دەتوانێ ببیتە بەرهەمی سەرەکی لە هەناردەکانی ئیران دا. لە حالیك دا کە بە تەواوی لە لایەن گەلالە داریژان‌و کارناسانی پەرەپیدانی ئابووری‌و بە تایبەت گەلالە داریژانی بەرنامەی سیهەمی پەرەپیدانەوە ←

بەکردەوە پشت گوێ خراوە! بەرپرسی شیرکەتی ئاجورە مەعدەنییەکانی سنە، وێڕای دەربڕینی نارەزایەتیی خۆی لەم سیاسەتەی بەرپرسان‌و باسکردنی تواناکانی پەرەئەستاندنی ئەم سەنعەتە، رای گەیاندبوو کە: تەنیا لە بواری بەرهەمهێنانی خشتی سووری شیل (*)دا، دەتوانێ لە ساڵ دا ۸۰ تا ۸۵ میلیون دانە خشتی سووری شیل لەم ئوستانە بەرهەم بێنێ‌و ئەمەش لە حاڵێك دایە کە کەرەستەی خاوی پێویست بۆ ئەم سەنعەتە بەشی ۱۵۰ ساڵی داهاتوو دەکا! (۵)

سیاسەتەکانی رێژیم لە پێوەندی لەگەڵ ئوستانی ئیلامیش دا کە تەنانەت لە ئوستانەکانی کرماشان‌و کوردستانیش لە پاشترە، گۆڕانێکی ئەوتۆیان بەسەردا نەهاتوە.

سەردانی پڕهاتوهاواری خاتەمی‌و چەند وەزیرێك بۆ ئەم ئوستانە لە کۆتایی مانگی رەزبەردا، هیواو هومێدێکی زۆری لە دڵی بەرپرسانی ئەم ئوستانەدا پێك هێنا. بە تایبەت کە لە ساڵانی رابردوودا‌و تەنانەت بەرلەوەی خاتەمی ببێتە سەرکۆمار، مەسەلەی چۆنیەتیی کەڵك وەرگرتن لە سەرچاوە دەوڵەمەندەکانی نەوتی ئیلام، ببووە باسێکی گەرموگوڕ لە نێوان کارناسانی ئابووریی ناوچەکەدا‌و باسی سازکردنی کارخانەیەکی گەورەی پێترۆشیمی وەك یەکێك لە مەزنترین پرۆژە ئابوورییەکانی ئەم ئوستانە لە گۆڕێ دابوو. بەڵام بەداخەوە دەرکەوت کە ئەم سەردانەش دەسکەوتێکی ئەوتۆی بەدواوە نەبووە. چونکە هەر رۆژێك پاش ئەوەی خاتەمی راپۆرتەکەی خۆی لە مەجلیس دا خوێندەوە، "قمی" ئوستانداری ئیلام گوتی کە سەرەڕای ئەوەی کە سەرکۆمار پشتیوانیی خۆی لە دەست پێکردنی وەها پرۆژەیەك راگەیاند، بەڵام دەبێ پرۆژەکە لە لایەن شوورای ئابووریی وڵاتەوە بکەوێتە بەرباس‌و لێکۆڵینەوە! (٦)

ئوستانی ئیلام سەرباری گیروگرفتە زۆرو زەوەندەکانی بێکاری، هەژاری، دواکەوتوویی، یەکێك لەو ناوچانەیە کە ۱۳ ساڵ پاش کۆتایی شەڕی ئێران‌و عێراق، هێشتا شوێنەوارەکانی ئەو شەڕەی بە ئاشکرا بە سیمای ئەو ئوستانەوە دیارن.

ئەوەی لە سەرەوە باس کرا نموونەیەکی یەکجار چووکەی بێ‌بەشییی‌و دواکەوتوویی ئەم ناوچانەو هەروەها لایەنە لاوازو پڕ کەموکورییەکانی بەرنامەی سێهەمی پەرەپێدانی ئاغای خاتەمیی‌و بە هۆی نەبوونی ناوەندی لێکۆڵینەوەو ژمێریاریی سەربەخۆوە، ئیمکانی دەستراگەیشتن بە ئامارو سەرچاوەی جێگای متمانە بۆ خستنە رووی باری نالەباری ژیان‌و رۆژرەشیی خەڵك کەمە. بەڵام هەر ئەم چەند نموونەیەش بۆخۆیان راستیی ئیدیعاکانی خاتەمی لە بارەی بەرنامەکانی پەرەپێدانی ئابوورییەوە دەسەلمێنن.

**سەرچاوەکان:**

(۱) رۆژنامەی "انتخاب" ۲۵ی رەزبەری ۱۳۸۰
(۲) رۆژنامەی "آفتاب امروز" ۲ی خەزەڵوەری ۱۳۸۰
(۳) هەمان سەرچاوە
(٤) رۆژنامەی "سیاست روز" ۲٦ی رەزبەری ۱۳۸۰
(۵) رۆژنامەی "حیات نو" ۲۵ی رەزبەری ۱۳۸۰
(٦) رۆژنامەی "آفتاب یزد" ای خەزەڵوەری ۱۳۸۰

* "شیل" مادەیەکی خاوە بۆ دروستکردنی کەرەستەی پتەوی ساختومانی کە هەم خشتی سووری لێ دروست دەکرێ‌و هەم بۆ بەهێز کردنی کەرەستە ساختومانی دیکە کەڵکی لێ وەردەگیرێ. ※

# هەواڵەکانی کوردستان

## مەهاباد

### کوژرانی پیرەپیاوێك

سەعات ۷/۳۰ی ئێوارەی رۆژی شەممۆ ۱۳۸۰/۸/۱۲ کەسێك بەناوی عەبدوڵلا بەختیاری تەمەن ٦۱ ساڵە خەڵکی ناوچەی شارویرانی مەهاباد لە سێڕێیانەی دارەلەك کەوتە بەر دەسڕێژی فەرماندەی هێزەکانی رێژیم لەو ناوچەیەو گیانی لێ ئەستێندرا.

## شنۆ

### کەسێکی بێدیفاع بەدەست هێزە ئینتیزامییەکانی رێژیم کوژرا

لە ئاکامی دەسڕێژی هێزە ئینتیزامییەکانی رێژیم لە کاروانی ماشێنە بارهەڵگرەکانی کاسبکارانی ناوچەی شنۆ، کە لە رێگای شێخانەوە بەرەو شنۆ دەچوون، شۆفێری یەکێك لە ماشێنەکان بەناوی "مەولوود سەوجە" خەڵکی ئاوایی سەوجەی ناوچەی شنۆ کوژرا. پاش ئەم رووداوە هێزەکانی رێژیم تەرمی ناوبراویان بردە شاری ورمێ‌و لە بەرانبەر دانەوەی جەنازەی ناوبراو بە بنەماڵەکەیدا داوای ۷۰۰ هەزار تمەنیان کرد.

بە پێی هەواڵ خەڵکی ناوچەی شنۆ بە نیشانەی نارەزایەتی لەم جینایەتە لە شاری شنۆ خۆپێشاندانیان ساز کردو پەلاماریان بردە سەر هێزەکانی رێژیم و دەفتەری "جبهەمشارکت" لەم شارەو سەروگوێلاکی چەند چەکدارێکی رێژیمیان شکاند. لە بەرانبەردا هێزەکانی رێژیم بە تەقەی هەوایی بلاوەیان بە خۆپێشاندەران کرد.

## کرماشان

### مانگرتنی کرێکارانی کارگەی چنین (نساجی)

رۆژی سێشەممۆ ۸ی خەزەڵوەری ۱۳۸۰ی هەتاوی سەدان کەس لە کرێکارانی کارگەی چنینی کرماشان مانیان گرت.

ئەم مانگرتنە بۆ دەربڕینی نارەزایەتیی سەبارەت بە وەدواکەوتنی هەقدەستەکانی کرێکاران، برانی بەرقی کارگە لەلایەن ئیدارەی بەرق و کەمتەرخەمیی بەرپرسان سەبارەت بە بارودۆخی کارو ژیانی کریکاران پیك هات.

شیاوی باسە ئەم کارگەیە سەر بە بانکی سەنعەت و کانەکانەو لەم دوایانەش دا ۱۵٪ی کریکارەکانی کەم بۆتەوە.

## سنە

### مانگرتنی خویندکارانی "زانستگەی ئازاد"ی سنە

سەعاتی ۱۲/۳۰ دەقیقەی رۆژی سێ شەممە ۱۵ی خەزەڵوەر خویندکارانی کور و کچی زانستگەی ئازاد ـ یەکەی سنەـ بۆ نیشاندانی نار ەزایەتیی خۆیان لەو فشارەی خراوەتە سەر خویندکارە کچەکان لە پیوەندی لەگەڵ رەچاوکردنی حیجابی زۆرەملێ‌و لیك جیاکردنەوەی ریگاکانی هاتوچۆی خویندکاران دا مانیان گرت. شیاوی باسە پاش دانانی نوێنەری "ولی فقیە" ئەم جۆرە فشارانە زیادیان کردبوو. هەر بۆیە خوێندکاران بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ سەپاندنی ئەم سیاسەتە کۆنەپەرستانەیە مانگرتنێکی بەرینیان وەرێ خست‌و سەرۆکی زانستگە (بەشیریان)یان ناچار کرد تا بێتە نێو خوێندکاران‌و بەڵێنیان پێ بدا داخوازەکانیان جێبەجێ بکا.

### کوژرانی دوو کەس لە ژێر ئەشکەنجەدا

بەگوێرەی هەواڵێك کە رۆژی ۸۰/۸/۷ بەدەستمان گەیشتوە، دوو کەس بەناوەکانی محەممەد ئەمین محەممەدی کوڕی عەتاو تەیمووری ئەسلانی کوڕی سەیفوڵلا خەڵکی سنە بە هۆی ئەشکەنجەی بەکرێگیراوانی رێژیمەوە سەرەتای مانگی خەزەڵوەری ئەمساڵ لە زیندانەکانی هەمەدان‌و سنە دا گیانیان لەدەست داوە.

# تیکۆشان لە دەرەوەی ولأت

## سوئید

### چاوپیکەوتن لەگەڵ ئاغای لارش هەرتین ئەندامی پارلمانی سوئیدو ئەندامی کۆمیسیۆنی خاریجیی پارتی مۆدیرات

رۆژی پینج شەممۆ ریکەوتی ۱ی نوامبری ۲۰۰۱، هاوڕێ حەسەن قارەمانی نوینەری حیزب لە ولأتی سوئید، لەگەڵ بەریز ئاغای لارش هەرتین ئەندامی پارلمانی سوئیدو ئەندامی کۆمیسیۆنی خاریجیی پارتی مۆدیرات لە پارلمانی سوئید چاویان پیک کەوت. لەو دیدارەدا لەسەر مەسەلەکانی پیوەندیدار بە ئیران و کوردستان قسەو گفتوگۆ کراو هەروەها پێ لەسەر بەهیزکردنی پیوەندییەکانی نیوان پارتی مۆدیرات و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران داگیرا.

بەشیکی گفتوگۆکە تەرخان کرا بۆ ناساندنی خەباتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران و هەردوو لا پییان لەسەر ئەوە داگرت کە لە داهاتوودا چاوپیکەوتنەکان پترو پیوەندییەکان پتەوتر بکەن. بەشیکی دیکەی ئەم چاوپیکەوتنە لەسەر سیاسەتی سەرکوتکەرانەی کۆماری ئیسلامی و پیشیلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستان و داخوازییەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئیران دا بوو. هەروەها دیاردەی تیرۆریزم لە ماوەی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیی ئیران دا، گیران و دەستبەسەر کردنی هەزاران کەس لە موخالیفانی سیاسی و عەقیدەتی، ئەشکەنجەو ئازارو لە سیدارەدران یا تیرۆر کرانی هەزاران کەس لە ئازادیخوازان لە نیوخۆو دەرەوەی ولأت وەك بەشیك لە کارنامەی رەشی کۆماری ئیسلامی لەو دیدارەدا هاتنە بەرباس.

لە دریژەی باس و قسەکان دا لەسەر وەزعی میژوویی و سیاسی و ئابووریی کوردستان و جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامیی ئیران دەرهەق بە گەلی کورد بە وردی قسەو باس کرا.

## کانادا

### پیکهاتنی سمیناریک لەسەر تیرۆر لە شاری وانکۆویری کانادا

رۆژی ٦ی نوامبری ۲۰۰۱ی زایینی (۸۰/۸/۱۵)ی هەتاوی، سمیناریك بە بەشداریی پتر لە ۳۰۰ کەسایەتیی بیانی، لەسەر تیرۆر لە شاری وانکۆویری کانادا پیك هات. لەم سمینارەدا بەریز سڤیند رابینسون (Svend Robinson) نوینەری پارلمانی کاناداو یەکیك لە تیکۆشەرانی مافی مرۆڤ لەو ولأتەدا، چیلین رۆژنامەنووسی ناسراوی رۆژهەڵاتی نیوەراستو ژمارەیەك کەسایەتیی دیکە، لەسەر تیرۆریزمی جیهانی قسەیان کرد.

بەریز رابینسون دۆستی لە میژینەی میللەتی کورد، لەبارەی میللەتی زۆرلیکراوی کوردەوە قسەی کرد. ناوبراو لە قسەکانی‌دا پتر لەسەر تیرۆرو جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە دژی حیزبی دیمۆکراتو ریبەرانی کورد پیی داگرت. هەروەها لەم سمینارەدا، هاوڕێ سەعدیی عەبدی بەرپرسی پیوەندییەکانی دەرەوەی حیزب لە کانادا، لەبارەی تیرۆریزمی جیهانی‌و تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامییەوە قسەی کرد. هاوڕێ سەعدیی عەبدی بە تیرو تەسەلی باسی لەوە کرد کە چۆن گەلی کورد لە میژووی خۆی‌دا بۆتە قوربانیی تیرۆریزمی ولأتانی زاڵ بە سەر کوردستان دا.

هەروەها هاوڕێ سەعدیی عەبدی لە بەشیکی دیکە لە قسەکانی‌دا، ئاماژەی بە سیاسەتی یەك بانو دوو هەوای ولأتانی رۆژئاوایی کردو کارەساتی دلتەزینی ئەم دوایانەی ئامریکای بە نموونە هینایەوەو گوتی، ولأتانی رۆژئاوایی لەلایەکەوە هەولی سەرکوتی تیروریزم دەدەنو لەلایەکی دیکەوە بۆ باشتر کردنی پیوەندییەکانیان بە مەبەستی وەرگرتنی چەند ئیمتیازیك لە ریژیمی تیرۆریست پەروەری کۆماری ئیسلامی، سەرجەم توانای خۆیان خستۆتە گەرو لەم پیوەندییەش دا ئاماژەی بە سەردانو چاوپیکەوتنەکانی کاربەدەستانی ولأتانی ئورووپایی‌و کانادایی لە ریژیمی تیرۆریست پەروەری کۆماری ئیسلامی کرد. شایانی باسە کە قسەکانی هاوڕێ سەعدیی عەبدی لەلایەن بەشدارانەوە پیشوازیی‌یەکی گەرمیان لی‌کرا.

### چاوپیکەوتنی بەرپرسی پیوەندییەکانی دەرەوەی حیزب لە کانادا لە گەل موریس کاپیتورن

رۆژی ۲۹ی ئۆکتوبری ۲۰۰۱، هاوڕێ سەعدیی عەبدی نوینەری حیزب لە کانادا چاوی بە بەریز موریس کاپیتورن کەوتو لەو چاوپیکەوتنەکەدا ئەم بابەتانە کەوتنە بەرباس:

باسیکی گشتی لە سەر ئیران و کوردستان. گیران، کوژرانو بێسەرو شوین کرانی کەسایەتییە میللی، مەزهەبی و نەتەوایەتییەکان لە تەواوی ناوچەکانی ئیران دا؛ مەسەلەی نوینەرانی کورد لە پارلمانو بێدەسەلاتیی ئەم نوینەرانە لە بەرامبەر شوورای نیگابان و قووەی قەزایی‌یەو هەروەها بێدەسەلاتیی دەولەتی خاتەمی بە گشتی، کارنامەی پینج سالەی ئاغای خاتەمی و نیگەرانیی گەلانی ئیران لە دواروژیکی نادیارو پەرەسەندنی رەوتی سەرکوتی خەلك لە لایەن ریژیمی کۆماری ئیسلامی‌یەوە؛ گیرانی بە کۆمەلی لاوەکان وکیشرانیان بۆ ریگە چەوتەکانی وەك تیعتیاد و جاسووسی لە سەر یەکتر کردنو. . . کەنیگەرانیی گەلانی ئیران بە گشتی و بە تایبەتی گەلی کوردی زیاتر کردووە؛ باس لە سەر راپۆرتی مانگیك لەوە پیشی ئاغای کاپیتورن، کە ئیشارە بە باشتر بوونی باری فەرهەنگیی کورد دەکا و هیندیك بابەتی دیکە کە لە راپۆرتەکەدا هاتبوون؛ هۆی بلأونەکردنەوەی ئەم زانیارییانە کە لە کاتی خۆی‌دا تەحویلی ئاغای کاپیتورن درابوون. چاوەروانیی گەلی کورد لە ریکخراوی مافی مرۆڤ بە گشتی‌و لە ئاغای موریس کاپیتورن بە تایبەتی؛ جیاکردنەوەی جیگا و سیاسەتەکانی ئەم ریکخراوە لە سیاسەتی ولاتە رۆژاوایی‌یەکان لە پیوەندی دەگەڵ پیشلکردنی مافی مرۆڤ لە ئیران دا، کۆمەلە بابەتیکی دیکە بوون کە لەو ئەو چاوپیکەوتنەدا باسیان لی کرا.

لە بەشی وەلأمدانەوەی ئاغای کاپیتورن بە راپۆرتەکەی مانگی رابردوو، ئاغای کاپیتورن داوای لیبوردنی لە حیزبی دیموکرات کردو رایگەیاند کەوا دەردەکەوێ کە لە سەرچاوەی هەلە زانیاریی هەلە وەرگیراوەو من داوای لیبوردن دەکەمو لە راپۆرتی داهاتووی خۆم دا هەوڵ دەدەم ئەم هەلەیە راست بکەمەوە. هەروەها بەلین دەدەم بە ئیوە کە ئەو کەموکورییە قەرەبوو بکەمەوە. قەرار وایە ئاغای کاپیتورن لە راپۆرتی داهاتووی خۆی دا زۆربەی ئەو زانیارییانەی پی شووو هەروەها ئەوانەش کە لەم چاوپیکەوتنەدا تەحویلی ناوبراو دراون چاپ و بلأو بکاتەوە.

⁂

**لە دەرەوەی ولأت یارمەتی‌یە مالی‌یەکانی خۆتان بۆ حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیران بدەن بەم حیسابە بانکی‌یە:**

C.C.P PARIS 68040
M020
FRANCE

**فیشە بانکی‌یەکەشی بۆ ئەم ئادرەسە پۆست بکەن:**

A.F.K.B.P.102 75623
PARIS CEDEX 13
FRANCE

## ئەیار سازی، سیاسەتیکی سواو

**دریژەی دوالاپەڕە**

لە هەولدان بۆ دابین کردنی ئەو مەبەستەیان ڕیگایان لە سەر هەلدان و هاتنە ئارای روانگەو بۆچوونە ریفورمخوازانەو رەخنەگرانەکان گرتوە. بە چەشنیك کە خاوەنەکانی ئەو روانگەو بۆچوونانە بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئاکامە باشەکانی روانگەکانیان کەوتوونەتە بەر رقو غەزەبو، بە هاوڕیییو هاوهەنگاوی لەگەڵ دوژمن (کە ئەمریکا بێ) تاوانبار کراون.

ئیستا کە دوای تیپەڕینی زیاتر لە بیستو دووساڵ لە حاکمییەتی ڕیژیمی ئیسلامی خۆرانان بە دژی ئەمریکایی بوون، بۆتە یەکیك لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئەم ڕیژیمەو لەو هەلومەرجەدا، کە گۆرانکاریو ڕووداوە جیهانییەکان (دوای هیرشە تیرۆریستییەکانی ١١ی سیپتامبر لە ئەمریکا) هیندیك پیداویستیی نوییان لە بواری سیاسەتی نیونەتەوەییدا هیناوەتە گۆرێ، سیاسەتی دژی ئەمریکایی ڕیژیم زیاتر لەهەر کاتیك لەگەڵ دژواری بەرەوروو بۆتەوە. لەلایەك پیویستیی ئەم ڕیژیمە بە دریژەدانی ئەم رەوتە ئیستاش لە جیگای خۆیەتیو قبوول کردنی ڕاستییەکانو وەلانانی ئەو سیاسەتە ئەویش بەبێ ئامادەکاریی پیشتر بە زەحمەتەو لە لایەکی دیکەوە هەلومەرجی جیهانیو ناوچەیی دەخوازێ ڕیژیم دروشمو سیاسەتەکانی ڕابردووی خۆی وەلانێ. هەروەك دیارە لە ئاکامی وەزعیکی ئەوتۆداو بە دوای دەستپیکرانی هیرشەکانی ئەمریکا بۆ سەر پیگە تیرۆریستییەکان لە ئەفغانستان دا دروشمو کردەوەکانی ڕیژیم لەگەڵ ناتەبایی بەرەوروو بوون. لە سەریکەوە دروشمی دژی ئەمریکایی پەرەی ستاندووە بەریوەبەرانو دەمراستەکانی ڕیژیم وەختو بیوەختو بە بۆنەی جۆراوجۆرەوە، لە ژیر ناوی دیفاع لە خەلکی ئەفغانستان دا هەوڵ دەدەن روخساری دژی ئەمریکایی خۆیان بپاریزنو لە سەریکی دیکەوە وەك لە قسەکانی ژمارەیەك لە بەرپرسانی ڕیژیم را دەردەکەوێ لە هیندیك بواردا تارادەیەك ملیان بۆ ویستەکانی ئەمریکا راکیشاوە.

ئەگەرچی ڕیژیمی ئیسلامی وا دەنوینێ کە هەر وەك ڕابردوو ڕوالەتی دژی ئەمریکایی خۆی پاراستوە، بەلام دەبێ قبووڵ بکەین کە راستیی مەسەلەکە شتیکی دیکەی جیا لەوەیە کە ریبەرانی کۆماری ئیسلامی قسەی لێ دەکەن. ئەوان هەر کات کە بە کردەوە لەگەڵ ئاکامە چەوتەکانی دروشمو سیاسەتەکانیان بەرەوروو بوون، بە شیوەیەك لەگەڵ ئەمریکا سازاوو راسپاردەی خومەینی سەبارەت بە پاراستنی ڕیژیمیان بە هەر نرخیك بووە بەجێ هیناوە. لە هەلومەرجیك دا کە بە بروای زۆربەی شارەزایانی کاروباری ئیران کاتی ئەوە هاتوە کە ڕیژیمی ئیران سەبارەت بە کردەوەو سیاسەتە تیروریستییەکانی لیی بپیچریتەوە، ریبەرانی ڕیژیم هەر لەوکاتەدا کە هەوڵ دەدەن روالەتی دژی ئەمریکایی خۆیان بپاریزن هەولیش دەدەن لە ئاکامەکانی سیاسەتەکانیان خۆدەرباز بکەن. هەر وەك لە سالەکانی سەرەتای هاتنە سەرکاریانو لە سەر دەمی شەری ئیرانو عیراقیش دا ویرای پاراستنی دروشمی دژی ئەمریکا بە شیوەی نهینی بۆ کرینی چەك دەستەوداوینی ئەمریکاییەکانو تەنانەت ئیسرائیلییەکانیش بوون.

بێ گومان سیاسەتی ئەیارسازیی ڕیژیمی ئیسلامی تا ئیستا زیانی زۆری لە بەرژەوەندەکانی ئیران داوە. بیجگە لەو زیانە ئابوورییە زۆرەی لەو پیوەندییەدا لە ئابووریی ولاتەکەمان کەوتوە، لە بوارەکانی سیاسیو فەرهەنگییش دا ولاتەکەمان تووشی زیانی قورس بووە. لە ماوەی دەسەلاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا خەلکی ولاتەکەمان بە شیوەیەکی نەخوازراو لە بەرانبەر دنیای رۆژئاواو بە تایبەتی ئەمریکادا راگیراونو ئەو دەرەتانەیان نەبووە بەو جۆرەی کە پیویستە لەگەڵ ئەو ولاتانەی بە دوژمن ناسراون، ئازادانە پیوەندیی فەرهەنگی پیك بیننو لە ئەزموونو دەستکەوتەکانی ئەوان لە بوارەکانی زانستی، هونەریو . . . دا بە قازانجی بەرەوپیش بردنی نیشتمانەکەیان کەلك وەرگرن. بیجگە لەوانە هەر چەشنە هەوڵو بیریکی پیشکەوتنخوازانە لە بوارەکانی سیاسی، کۆمەلایەتیو ئابووریدا "بەچوونە ژیر شوینەواری رۆژ ئاوا" (غرب زدگی)و "یارمەتیدان بە نفوزی دوژمن" و . . . . لە قەلەم دراوەو بەم شیوەیە بوار بۆ کوتانی لایەنگرانی ئەم جۆرە بیر و بۆچوونانە ئامادە کراوە.

ئیستا لە ئاکامی ئەو گۆرانکارییانەی لە ولاتەکەمانو لە هاوکیشە جیهانیو نیو نەتەوەییەکان دا پیك هاتوون، تیئۆریی ئەیارسازی و سیاسەتو تیئورییەکانی لەم چەشنە زیاتر لەهەر کاتیکی دیکە کارایی خۆیان بۆ هینانەدیی مەبەستەکانی ڕیژیمە سەرەرۆیەکان لە دەست داوە. لەم هەلومەرجەدا ڕیژیمی ئیسلامیی ئیران و ڕیژیمەکانی دیکەی لەم چەشنە لە ئاکامی پیکهاتنی پیوەندیی بەربلاوی جیهانی، بۆ بەرەوپیش بردنی ئەم چەشنە سیاسەتانە لەگەڵ دژواری بەرەوروو بوونەتەوە. بە کورتی ئەو ڕیژیمانەی کە دریژەی حاکمییەتی خۆیان لە قەیران، پیلان خولقاندنو ئەیارسازیدا دەبینن، دەبێ باش بزانن کە ئیتر هاوکات لەگەڵ لە نیوچوونی بواری کەلك وەرگرتن لەم چەشنە سیاسەتانە، بواریکی ئەوتۆش بۆ مانەوەی ئەوان بەر چاو ناکەوێ. ❋

## سەفەری خامەنەیی بۆ ئۆستانی ئیسفەهان

*دریژەی دوالاپەڕە*

ریبازی ئیمام، بوونەتە خاوەنی پلەو پایەیەك، لە پر بینە لایەنگری لیبرال دیموکراسیی رۆژ ئاوا بەو نیوەرۆکەوە کە هەیەتیو بەم شیوەیە لە بەرامبەر خەلك سالاریی دینیدا راوەستن؟ ئەمانە بە هۆی ئەو دردۆنگییەی کە لە ئاکامی لاوازیی ئیمان لە دەروونیان دا پەیدا بووە، لە جیاتی ئەوەی ئەم مەسەلەیە کۆڕو کۆمەڵو ناوەندە پسپۆرییەکان دا تاوتوی بکەن، دەیخەنە بەر چاوی بیروڕای گشتیو ناوی ریفۆرمیشی لێ دەنین، ئەمەش راست خیانەت بە بیروڕای گشتییو بێ بیرو باوەری دەگەیەنێ".

لە راستیدا ئەم قسەیەی خامەنەیی ترسی ڕیژیم لە هاتنە گۆڕێ هیندیك مەسەلەی وەك ریفورمخوازیو داوای پیدا چوونەوە بە سیاسەتەکانی ڕیژیم بە تایبەت لە نیو بیروڕای گشتیی خەلکیدا، دەگەیەنێ، پیدا گرتنی خامەنەیی لە سەر ئەم دوو مەسەلەیە واتە راکیشانی لاوان بۆ لای ڕیژیمو لایەنگریی ژمارەیەك لە کاربەدەستانی پیشووی ڕیژیم لە ریفورمخوازی و پیداچوونەوە بە سیاسەتو کردەوەکانی ڕیژیم دا کە لە قسەکانی ئەم دواییانەی "ریبەر" لە ئیسفەهان دا هاتە گۆرێ، تا رادەیەکی زۆر ناتەبا دینە بەر چاو چونکە هەر لەو کاتەدا لاوان بۆ لایەنگریو پشتیوانی لە ڕیژیمی کۆماری ئیسلامی هان دەداو بە سیاسەتو کردەوەکانی ڕیژیم دا هەڵ دەلێ، بە بێ ئەوەی خۆی هەست پێ بکا ئەو راستییەشیان لەگەڵ دینیتە گۆرێ کە ئەو لاوانەی کە ئەو لە سەرەتای شۆرش دا پەیرەوی خەتی ئیمام بوونو بە توندی لایەنگریان لە ڕیژیم دەکرد، هەر لە بەر ئەوەش ـ نەك هیچ هۆیەکی دیکە ـ پایە بەکیان وەدەست هیناوە، ئیستا پاش پتر لە بیست ساڵ لە تەمەنی ئەم ڕیژیمەو بە هۆی ئەو ئەزموونو جیابینییەی وەچەنگی هیناوە، پشتیان لە کۆماری ئیسلامی یا لانی کەم لە سیاسەتو کردەوەکانی کردوەو باسی ریفۆرمو گۆرانکارییان هیناوەتە گۆرێو ئەم تۆزە واقیع بینییەش بەنیشانەی سست بوونی ئیمانو باوەر ی ئەم تاقمە لەقەلەم دەدا.

بەکورتی ئامانجەکەی خامەنەیی لە سەردانەکەی ئەم دواییانەیدا بۆ ئیسفەهان نەهاتە دیو هەر لەجیش دا گەیشتن بە ئامانجیکی ئەوتۆش بەهۆی چەند سەردانو کۆبوونەوە، شتیکی مەحالەو خامەنەیی ناتوانێ بەم جۆرە سەردانانەش بیرور ای خەلکی ئیران بەگشتیو خەلکی ئۆستانی ئیسفەهان بەتایبەتی لەبارەی راستییەکانی ولاتو سیاسەتە ناتەباکانی ڕیژیم لەگەڵ ئەم سەردەمەدا بەلار ێدا بەرێ. چونکە رابردی زەمان زۆربەی ئەو راستییانەی کە لە ژیر تەمومژی هاتوهەللاو تەبلیغاتی ڕیژیم دا شاراونەتەوە، دەردەکەونو کۆمەلانی خەلك بەتەواوی وجوودیانەوە هەستیان بەو ئازارو مەینەتانە کە لە زولمو زۆرو سیاسەتە کۆنەپەرستانەکانی ڕیژیمەوە سەرچاوەیان گرتوە، کردەوو چی دیکە بە دروشمە پووچەکانو فرتوفیلەکانی کاربەدەستانی ئەو ڕیژیمە ئازادیکوژو دژیگەلییە هەڵ ناخەلەتین. ❋

## کۆتایی هاتنی

# دەورەی سەرەتایی ١٣٥

رۆژی چوارشەممە ریکەوتی ٨٠/٨/١٦ دەستەیەکی دیکە لە لاوانی بەهەستو نیشتمانپەروەری گەلەکەمان پاش کۆتایی هاتنی دەورەکەیان (دەورەی ١٣٥ی سەرەتایی) بەرەسمی لە ریزی تێکۆشەرانی دێمۆکرات دا جێگیر بوون.

بەم بۆنەیەوە لە فێرگەی سیاسی ـ نیزامیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران دا، رێورەسمێکی گەرمو بەشکۆ بە بەشداریی هاورێی بەرێز کاک مستەفا مەولوودی ئەندامی دەفتەری سیاسی، هەیئەتی نوێنەرایەتیی کومیسیونی سیاسی ـ نیزامیو ژمارەیەك لە ئەندامانی رێبەرایەتیو هەروەها کۆمەڵێك لە کادرو پێشمەرگەو بنەماڵەکانی دەوروبەری دەفتەری سیاسی بەرێوەچوو.

رێورەسمەکە سەرەتا بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی رەقیب" دەستی پێکردو پاش راگرتنی دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ رێزنان لە گیانی پاکی شەهیدانی حیزبو گەل، هاورێی بەرێز مستەفا مەولوودی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب بەم بۆنەیەوە وتەیەکی پێشکەش کرد. بەرێز کاك مستەفا لە قسەکانی دا پاش ماندوونەبوونی کردن لە مامۆستایانو کارگێرانی فێرگەو پیرۆزبایی گوتن بە بەشدارانی دەورە ئاماژەی بەوە کرد کە فێرگەی سیاسی ـ نیزامی لە ماوەی رابردوودا بە رێنوێنیی رێبەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتو لێوەشاوەیی مامۆستایانی ئەزموونێکی زۆری وەسەریەك ناوە کە ئیلهامدەری ئامووزشی باشو موناسبی پێشمەرگەکانی بەشدار لە دەورەکانی ئامووزشیی فێرگەدا بووە. بەڵام نابێ فێرگە لەوەش غافڵ بێ کە ئەو لاوانەی لە هەموو ناوچەکانی کوردستانی ئێران راو لە نێو چینو توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری را بە نیازی پێشمەرگایەتی روو دەکەنە بنکەکانی وەرگرتنی پێشمەرگەو بۆ ئامووزشو فێر بوون رەوانەی فێرگەی سیاسی ـ نیزامی دەکرێن، تەنیا لاوی ساکارو ئیحساساتی نین. بەڵکوو زۆربەی ئەو لاوانە بە هەست کردن بەو راستییە کە خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێران لە لایەن حاکمانی فەرمانڕەوا، بەشخوراوو ماف پێشێل کراوەو ئەرکی نیشتمانیی ئەوانە بۆ رزگاریی گەلەکەیان قۆڵی هیممەت هەڵماڵنو بە شارەزایی لە مێژووو بەرنامەو هەدەفە سیاسییەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران روو دەکەنە بنکەکانی حیزب هەتا بە ئاگاهی زیاترەوە لەگەڵ باقیی تێکۆشەرانی دێمۆکرات لە ریزی ئەو حیزبە پێشرەوەدا بەگژ نابەرابەرییەکان دا بچنەوەو بۆ رزگاریی گەلو نیشتمانیان تێبکۆشن.

بۆیە پێویستە مامۆستایانی فێرگە لەگەڵ ئەوەدا کە ئەرکی پیرۆزی خۆیان بەرێوە دەبەنو بەپێی رێنوێنییەکانی حیزب، تازە هاتووەکان ئامووزش دەدەن، دەبێ زۆر بە باشی لە زانیاریو مەعلووماتی پێشمەرگە تازەهاتووەکان کەڵك وەربگرنو هەستو ئیحساسی پیرۆزی ئەوان دەرك بکەن.

پێشمەرگە تازەکان دەبێ رۆژانە لەگەڵ جێبەجێ کردنی ئەرکەکانیان دا ساتێك لە فێربوونی زیاترو خۆپێگەیاندنی باشترو فێرکردن غافڵ نەبن. دەبێ هەمیشە رێنوێنییەکانی مامۆستایانی فێرگە بکەن بە ئالقەی گوێیانو بۆچوونە پێشی ئەرکەکانیانو خۆپێگەیاندنیان سوودیان لێ وەرگرن. جیا لەو سەرچاوانەی کە مامۆستایان بۆ فێربوونی زیاتر بۆیان دەست نیشان کردوون بۆخۆشیان بە موتالای بەردەوام، خوێندنەوەی گۆڤارو رۆژنامەکان، گوێ گرتن لە رادیۆکان، چاو لە تەلەویزیۆن کردن، بەشداری لە سمینارو کۆبوونەوەو باسو خواسی سیاسی دا بە مەعلووماتو زانیاری خۆیان زیاد بکەن، هەتا لە داهاتوودا لە بەرانبەر ئەرکی پێئەسپێردراویان دا رووسوورو سەرکەوتوو بن. وەك زۆر کادرو فەرماندەو پێشمەرگەی باشی حیزب جێگەی هیوای خەڵکی کوردستانی ئێرانو شانازیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانو چقڵی چاوی دوژمنانی ئازادیو دێمۆکراسی بن.

دواتر راپۆرتی ئامووزشیی فێرگە لە لایەن یەکێك لە مامۆستایانی فێرگەوە خوێندرایەوە. پاشان یەکێك لە هاورێیانی بەشداری دەورەی ١٣٥ بە نوێنەرایەتی لە لایەن سەرجەم بەشدار بووانەوە پەیامی کۆتایی دەورەی پێشکەش کردو لە پەیامەکەی دا وێڕای ئاماژە بە وەزعییەتی نالەباری ئەمرۆی کوردستان، سوپاسی بەرێوەبەرانو مامۆستایانی فێرگەی کرد بۆ ئەوەی کە لە ئەرکی پیرۆزی راهێنانو بارهێنان دا ماندوویی نەناسانە تێدەکۆشن.

لە بەشێکی دیکەی بەرنامەکەدا هاورێیان خەدیجە مەعزوورو محەممەد سالح قادری ئەندامانی جیگری کومیتەی ناوەندی، خەڵاتیان بە سەر ژمارەیەك لە بەشدار بووانی دەورەکەدا دابەش کرد.

نیوئاخنی بەرنامەکان ئاهەنگو گۆرانیی جۆراوجۆر بوون کە لە لایەن بەشدارانی دەورەوە بە هاوکاریی کۆری هونەری بەریوە چوون.

کۆتایی هینەری ریورەسمەکە، کورتە شانۆیەکی کومیدی بوو لە ژێر ناوی "یاسای ئاخوند" کە لە لایەن بەشدارانی دەورەی ١٣٥ەوە ئامادە کرابوو.

⁂

## ئاگادارییەك لە کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران لە سوئیدەوە

کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران لە سوئید مالپەر یکی تایبەتی لە ئینتیرنیت دا کردۆتەوەو داوا دەکا نووسەرانو خاوەن هونەرانو زانایانی کورد بیرور او لیکۆلینەوەی جۆراوجۆری سیاسی، ئابووری، کولتووری، کۆمەڵایەتیو هونەریی خۆیان بنووسنو بۆی بەر ێ بکەن.

هەر بۆیە لەو پیوەندییەدا داوا لە ئۆگرانی بەر یز دەکەین، بە ناردنی بابەتی لەو چەشنە، لاپەر ەکانی ئەو مالپەر ە دەولەمەندتر بکەن. بۆ ئاگاداریی ئیوە، خوینەرانی ئەم مالپەر ە لە زیادبوون دانو ئەگەر ئیوەش دەستمان بگرن، بیگومان دەبیتە مینبەریك بۆ راگەیاندنو هۆشیار کردنەوەی رۆلەکانی نەتەوەکەمان.

به ریزەوە:

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران ـ کومیتەی سوئید

__تیبینی:__

ئیمە لە پرۆگرامی پارس نگار کەلك وەردەگرین بۆ نووسینەکانی نیو مالپەر ەکە. تکایە ئیوەش هەر ئەم پرۆگرامە بەکار بینن‌و بابەتەکان بە فایلی پارس نگار بۆ ئیمە بنیرن!

بۆ وەدەس هینانی ئەم پرۆگرامە لە مالپەر ی خۆمانەوە لینکی بۆ کراوە.

ئەدرەسەکانی پیویست بۆ پیوەندی بەم مالپەر ەوە:

www.pdki-e.com
e-mail: info@pdki-e.com
Tel: 08-534 909 53
Fax: 08- 534 909 53
KDPI
Box 7021
164 07 klsta

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of
Democratic Party of Iranian Kurdistan

No:328 11 Nov 2001



لە دەرەوەی وڵات بۆ پێوەندی گرتن لەگەڵ ڕۆژنامەی " "

لەگەڵ ئەم ئادریسەی خوارەوە پێوەندی بگرن:

AFK
B.P. 102- 75623 PARIS
CEDEX 13- FRANCE
Tel. 0033145856431, Fax. 0033145852093




## نەیار سازی سیاسەتێکی سواو

ع. بەهرامی

ڕۆژی سێزدەهەمی خەزەڵوەری ئەمساڵ بیستو دوو ساڵ بەسەر داگیرکرانی باڵوێزخانەی ئەمریکا لە تاران بە هۆی خوێندکارانی پێرەوی ڕێبازی خومەینی ڕابرد. کردەوەیەك کە خومەینی ئەوی وەك "شۆڕش لە شۆڕش دا" ناوبرد. بە شوێن ئەودا ئەمریکا لە ڕەشەمەی ئەو ساڵەدا بە شێوەیەکی ڕەسمی پێوەندییە دیپلۆماتیکییەکانی خۆی لەگەڵ تاران پچراند. لەو کاتەوە بە ڕواڵەت سیاسەتی دژی ئەمریکایی ڕێژیم درێژەی هەیە. ئێستا وا دێتە بەرچاو کە سیاسەتی دژایەتیی ڕەسمیو ئاشکرای ڕێژیم لەگەڵ ئەمریکا لە ماوەی زیاتر لە دوو دەیەی ڕابردوودا بۆتە مەسەلەیەکی بەرادەیەك پڕ گرێو گۆڵ کە گۆڕینی بۆ ڕێبەرانی ڕێژیم دژوارە. دیارە ناتوانین پێوەندییەکانی ئێرانو ئەمریکا لەو ماوەیەدا تەنیا بەلەبەرچاوگرتنی دروشمە دژی ئەمریکایییەکانی ڕێژیمی ئیسلامی هەڵسەنگێنن، چونکە ڕاستییەکانی پێوەندیدار بە کەینەو بەینە جاربەجارەکانی نێوان دوو دەوڵەتو بەتایبەت ڕاستییەکانی پێوەندیدار بە پێوەندیی نهێنیی ئێرانو کۆمارخوازەکانی ئەمریکا لەو ڕۆژانەدا کە کارمەندەکانی باڵوێزخانەی ئەمریکا لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بە بارمتە گیرابوونو ساتو سەوداکانی پێوەندیدار بە کڕینی چەکوچۆڵ کە بە ڕیسوایی "ئێران گێیت" ناوبانگی دەرکردو . . .، دەری دەخەن کە ڕێبەرانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە هێنانەگۆڕی دروشمی دژی ئەمریکاییدا مەبەستی دیکەشیان هەبووە.

ئەگەر ڕێبەرانی ڕێژیم لە ساڵەکانی سەرەتای بەدەسەڵات گەیشتنیان دا بۆ گەورە کردنەوەی پێگەی ناوچەیی خۆیانو پاساودانی ئیددیعای خۆیان سەبارەت بە ڕێبەریی جیهانی ئیسلامو خەباتی دژی ئیمپریالیستی نیشاندانی ڕواڵەتی دژی ئەمریکایی لە خۆیانیان بە مەسەلەیەکی گرنگ دەزانی، لە قۆناغەکانی دواتردا بەدوای ئەو گۆڕانکارییانەی لە ئاستی جیهان دا هاتنەگۆڕیو پێ بە پێی لاوازتر بوونی پێگەی ڕێژیم لە لای خەڵکی ئێران، بە مەبەستی دابین کردنی ویستێکی دیکە ئەم ڕەوتەیان درێژە پێدا.

بە کورتە ئاوڕێك لە ئەدەبیاتی سیاسیی ڕێژیمی ئیسلامی لە ماوەی زیاتر لە بیستو دوو ساڵی ڕابردوودا ئەو مەسەلەیەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە ڕێبەرانی ڕێژیم بە کەڵك وەرگرتن لە هەموو توانا و کەرەستە تەبلیغاتییەکانی خۆیان هەوڵیان داوە بە کێشانەوەی وێنەیەك لە دوژمن یا دوژمنەکان (کە ئەمریکا لە سەروویانەوەیە) لە زەینی بیروڕای گشتیی خەڵکی ئێران دا ئامرازێك بۆ پاساودانی سیاسەتەکانی خۆیان بدۆزنەوە. پێکهێنانی زێهنییەتێکی ئەوتۆ لە لایەكو لە لایەکی دیکەوە بە سەرەکی دانانی مەسەلەی پاراستنو درێژەی تەمەنی نیزامی ئیسلامی (هەروەك خومەینییش زۆر جار پێی لە سەردادەگرتەوە) مەسەلەیەکە کە ڕێبەرانی ڕێژیم بە کەڵك وەرگرتن لەو بێجگە

١٠

## سەفەری خامەنەیی بۆ ئۆستانی ئیسفەهان

بە گوێرەی بەرنامەیەکی پێشتر داڕێژراو، بڕیار وابوو، خامەنەیی لە سەرەتای مانگی خەزەڵوەردا سەردانی ئۆستانی ئیسفەهان بکا. بەڵام ئەو سەردانە بە هۆی خۆپێشاندانەکانی خەڵکی ئەم ئۆستانەوە یا بە هەر هۆیەکی دیکەوە حەوتوویەك وەپاش خرا.

گەرچی سەفەری خامەنەیی بۆ ئۆستانەکانی وڵات، بە هەنگاوێکی ئاسایی دادەنرێ بەو حاڵەش سەردانی ئەم دوایانەی ناوبراو بۆ ئۆستانی ئیسفەهان لە چەند لایەنەوە شایانی تێڕامانە. لە سەرەتادا دەبێ ئەوە وەبیر بێنینەوە کە ئۆستانی ئیسفەهان لەو ئۆستانانەی وڵاتە کە زۆربەی خەڵکەکەی لە باری مەزهەبییەوە لە ڕیزی پەیرەوو موقە لیدانی ئایەتوڵڵا حسێن عەلیی مونتەزیری جێگری وەلانراوی خومەینیو یەکێك لە ڕەخنەگرانی سیاسەتو کردەوەکانی ڕێبەرانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدەژمێردرێن. سەرەرای ئەوەش نەجەف ئاباد یەك لە شارەکانی سەربە ئۆستانی ئیسفەهان شوینی لە دایك بوونی مونتەزیرییە. کەوابوو دەکرێ هەوڵدانی ڕێبەری ڕێژیم بۆ لاواز کردنی پێگەی مونتەزیریو پەیرەوەکانی بە یەکێك لە ئامانجە سەرکییەکانی ئەم سەفەرە لەم هەلومەرجەی ئێستادا کە ڕەوتی نارەزایەتییەکانی کۆمەڵانی خەڵك بەرینتر بۆتەوە دابنرێ.

ئەو ٨ ڕۆژەش کە بۆ سەردانەکەی خامەنەیی دیاری کرابوو، لە چاو ئەو ماوەیەکە بۆ ئەم چەشنە سەفەرانە دیاری دەکرێ، زۆر زیاتر بووو ئەمەش بە سەرنجدان بە سەفەرەکانی خامەنەیی بۆ شارەکانی سەر بەو ئۆستانەو ژمارەی زۆری ئەم کۆبوونەوە جەماوەرییانەی کە لە ئیسفەهانو شارەکانی دیکە پێکی هێنان، پێویستیی تەبیلغ بۆ سیاسەتەکانی ڕێژیم لەم ئۆستانەدا، نیشان دەدن.

زۆربەی قسەکانی خامەنەییلە سەفەرەکەی ئەم دوایانەیدا بۆ ئیسفەهان لە پێوەندی لەگەڵ دوو مەسەلەی سەرەکیی نێوخۆییدا بوون. مەسەلەی لاوان یەکێك لەو مەسەلانە بوو کە خامەنەیی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەڵام لە ژێر کاریگەریی خۆپێشاندانەکانی ئەم دوایانەی لاوان پێی لە سەر داگرت. لەم پێوەندییەدا خامەنەیی، لاوانی بۆ لایەنگری لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیو خۆ پاراستن لەو شتەی کە ناوبراو بەیاخۆیبوونو سەرەڕۆیی ناوی برد، هان دا. بە گشتی قسەکانی خامەنەیی لە بارەی لاوانەوە، نیشاندەری ترسو نیگەرانیی ڕێژیم لە خۆپێشاندانەکانی ئەم دوایانەی لاوان بووو ڕەنگە ئەم مەسەلەیەش یەکێکی دیکە لە مەبەستەکانی سەردانی خامەنەیی لە ئۆستانی ئیسفەهانو شارەکانی سەر بەم ئۆستانە هەروەها پێکهێنانی چەند کۆبوونەوەی جەماوەری بووبێ.

بەشێکی سەرەکیی دیکە لە قسەکانی خامەنەیی لە ئۆستانی ئیسفەهان بۆ ڕەخنەگرتنو هێرش کردنە سەر ئەو بەشە لە بەرپرسانی ڕێژیم تەرخان کرا بوون کە باسی پێویستیی پێکهینانی ریفۆرم لە وڵاتو پێدا چوونەوە بە سیاسەتەکانی دەرەوەی ڕێژیم بە تایبەت لە پێوەندی لەگەڵ ئەمریکادا دەکەن بۆ ئەم مەبەستەش پێشنیاری تازەش دێتە گۆڕیو بانگەشە دەکەن، خامەنەیی لەم بارەیەوە گوتی:"بۆ دەبێ هێندێك لە بەرپرسان کە لە سایەی خۆڕانان بە لایەنگری لە ئیسلام، شۆڕشو

١٠


سایتی "کوردستان" ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانو چاپەمەنیی دیکەی حیزب لەسەر ئینتێرنێت:

www.kurdistanmedia.com
e- mail: kurdistanmedia@yahoo.com


**بۆ هاوکاریی زیاتری هێزە دێمۆکرات و پێشکەوتووەکانی ئێران تێ بکۆشین**